Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2025
Vol. XI, No. 2, Series 20

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۴
سال ۱۱، شمارهٔ ۲، پیاپی ۲۰

# مۆسیقا و پێکهاتەی وشە لە زمانی کوردیدا

## (توێژینەوە لە سەر چەند ڕەوتێکی واچی)

ناسیح مەلایی[1]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگرتن: ۱۰ی ڕەشەمەی ۱۴۰۳، کاتی پەژیران: ۲ی خەرمانانی ۱۴۰۴، لل. ۲۶۶-۲۳۹

DOI: 10.22034/JOKL.2025.143234.1424

**کورتە**

زمانناسی لە سێ ئاستی دەنگی، ڕێزمانی و واتاییدا، زمان تاوتوێ دەکات. وشەناسی، ژێربەشێکی ئاستی ڕێزمانییە و باسی پێکهاتەی وشە دەکات. سەرجەم ئەو هەوڵانەی تا ئەمڕۆ لە سەر ڕەوانبێژی و وشەناسیی زمانی کوردی دراون، ئاوڕێکی وەهایان لە دەوری مۆسیقای وشە و دەرکەوتەکانی نەداوەتەوە؛ بەڵکوو تەنیا قسەیان لە چوارچێوە و خشتەیێکی دیاریکراوی نەچەماو کردووە کە بە هەر شێوە، دەبێ ڕەچاو بکرێت. ئەم وتارە هەوڵ دەدات وەکوو وێنە، تەنیا سەرنجی چەند میناکێک لە سێ ڕەوتی واچیی گۆڕان، جێگۆڕکێ و بزربوون لە زارەکانی زمانی کوردیدا بدات و ئەنجامەکانی کاریگەریی مۆسیقا لە پێکهاتە و ڕواڵەتی وشە لەم زمانەدا دەربخات. ڕێژەی میناکەکان لە یەک ئاستدا نین و زۆرتر لە زاری ناوەندییەوە هێنراون کە ڕەنگە جێگای ڕەخنە بێت، بەڵام بوونی ڕەوتە واچییەکان لە گشت زارەکاندا بە پێی توێژینەوە پێشووەکان دەرکەوتووە. شێوازی لێکۆڵینەوەکە تەوسیفی-شیکارییە و پشت بە توێژینەوەی کتێبخانەیی و هەستی زمانیی نووسەر وەک ئاخێوەری کوردیی ناوەندی دەبەستێت. مۆسیقا وەک بابەتێکی لەبیرکراو لە کتێبە ڕێزمانییەکاندا، دەتوانێت لە سەر ڕەنگامەیی زمانی کوردی و زارەکانیدا کاریگەری دانێت و تا ڕادەیێکیش بۆ پەرەسەندنی واتایی و وشەیی چالاک بێت. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی نامۆیی زارێکی زمانی کوردی بۆ ئاخێوەری زارێکی دیکەی زمانەکە مۆسیقای وشەکان بێت.

***وشەگەلی سەرەکی:*** مۆسیقا، ڕەوتی واچی، وشە، زمانی کوردی، زار

**چکیده**

زبانشناسی در سه سطح آوایی، دستوری و معنایی به بررسی زبان می‌پردازد. واژه‌شناسی یکی از زیرشاخه‌های سطح دستوری است که ساختار واژه را بررسی می‌کند. پژوهش‌های صورت‌گرفته دربارهٔ بلاغت و واژه‌شناسی زبان کردی، توجه بایسته‌ای به نقش و جایگاه موسیقی واژه و برایندهای آن ننموده و تنها به بحث دربارهٔ قوالب و چارچوب‌های معین انعطاف‌ناپذیر اکتفا کرده است. این پژوهش سعی دارد به عنوان نمونه، نگاهی به چند فرایند واجی برجسته در گویش‌های زبان کردی داشته باشد و نتایج تأثیر موسیقی بر ساختار و فرم واژه در این زبان را نشان دهد. نسبت شواهدمثال در همه گویش‌ها به یک اندازه نیست و بیشتر واژگان از گویش میانی است که شاید مورد انتقاد واقع شود، اما وجود فرایندهای واجی در همهٔ گویش‌های زبان کردی بر اساس تحقیقات پیشین، مبرهن بوده و نیازی به تکرار آن در گویشی دیگر نیست. این تحقیق بر اساس روش توصیفی-تحلیلی و با تکیه بر مطالعه کتابخانه‌ای و نیز شم زبانی نگارنده به عنوان گویشور گویش میانی کردی انجام گرفته است. موسیقی به عنوان موضوعی فراموش‌شده در کتاب‌های دستوری، می‌تواند در تنوع زبان کردی و گویش‌هایش مؤثر و تا اندازه‌ای در گسترش معنایی و واژگانی، فعال باشد. شاید یکی از عوامل اصلی بیگانگی برخی گویش‌های زبان کردی برای گویشوران دیگر گویش‌ها، موسیقی واژه باشد.

***واژگان کلیدی:*** موسیقی، فرایند واجی، واژه، زبان کردی، گویش

۱ . مامۆستای زانکۆی فەرهەنگیان، لقی سنە، سنە، ئێران

n.melaii@uok.ac.ir

## ۱- پێشەکی

هێندێک لە زانایان، زمانناسی بە زانستێک دادەنێن کە لە سێ ئاستی دەنگی یان دەنگسازی (دەنگ و واج)، ڕێزمانی (وشەناسی و ڕستەسازی) و واتاییدا دەیهەوێت لە هەر زمانێک بکۆڵێتەوە (شێختەیب، ۲۰۱۴: ۵۵– ۵۴). زمانناسیی زانستیی سەردەم بۆ ئەم مەبەستە لە زۆرێک لە زانستەکان و بەتایبەت زانستە مرۆڤییەکان وەک مێژوو، کەونارناسی، دەروونناسی و کۆمەڵناسی کەڵک وەردەگرێت. ڕۆڵی زانستە زیندەوەرناسییەکان[۱] و بەتایبەت کارلەشناسی[2] لە هاریکاریی زمانناسیدا مسۆگەرە و بە شێوەیێکی بەرچاو لە ئاستی دەنگیدا دەردەکەوێت. لە پاڵ ئەم زانستە جۆربەجۆرانەدا، هونەر و بەتایبەت مۆسیقاش لە زمان و وشەکانی زماندا کاریگەریی خۆیان هەیە کە ئاوڕێکی بەرچاویان لێ نەدراوەتەوە. لێرەدا، مەبەست لەم جۆرە مۆسیقایە، ئاهەنگی تایبەتی واچەکان و شێوازی ڕیزبوونیان لە وشەدایە کە لە ئەنجامدا مۆسیقایێکی نوێ لە پێکهاتەی وشەدا دەئافرێنن.

زمانناسیی کوردی بەگشتی، زۆرتر پەرژاوەتە سەر ڕێزمان و ئاوڕێکی کەمتری لە دوو ئاستی دەنگناسی و واتاناسیی زمان داوەتەوە. دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین بێجگە لە ئاماژەگەلێکی ناوەناوەی ناڕاستەوخۆ و لە ژێر نێو و بابەتگەلێکی دیکەدا نەبێت، لە هیچ کتێبێکی ڕێزمانیی کوردیدا ئاوڕێک لە مۆسیقای وشە[۳] نەدراوەتەوە کە هۆکارەکانی خۆی هەیە و لێرەدا قسەی لێوە ناکەین. هەڵبەت دەرخستنی ئەم بابەتە تەنیا بە زمانناسییەوە نەبەستراوەتەوە و دەبێ ئاماژە بە جێگای ونی زانستی ڕەوانبێژی[4] و بەتایبەت ڕوونبێژییش بکرێت کە لەم بوارەدا پێگەیێکی سەرەکیی هەیە. مخابن ئەم زانستە لە جیهانی کوردیدا زۆر هەژارە و ئەم هەژارییەش دیسان هۆکارگەلی خۆی هەیە کە ئاماژە بە دوانیان دەکەین: یەکەم لە پاڵ سنووردارێتیی بازنەی نووسین و فێرکاریی دەقە کۆنەکاندا، ڕەنگە نەریتی نەنووسینی کوردی بەر بە گشتگیربوون و بڵاوبوونەوەی هەر چەشنە بەرهەمێک وەک کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان و ئێزدیی گرتبێت و نەیهێشتبێت لە لای زانستە جۆربەجۆرەکانی سەردەمەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و لایەنە جۆربەجۆرەکانیان دەربخرێت؛ دووهەم بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بووە هۆی ئەوە کە زۆربەی هەرە زۆری زانایان و زمانناسانی کورد زۆرتر خەمی توێژینەوە، ناسین و ناساندنی زمانی قورئانیان ببێت و ئاوڕێکی ئەوتۆ لە زمانەکەی خۆیان نەدەنەوە.

---

1. Biological sciences
2. Physiology
3. Music of the word
4. Rhetoric

وشە لە باری دەنگییەوە، لە چەند دەنگ و وەکوو هێمای زمانییش لە چەند پیت پێک دێت. دەنگەکانی زمان، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و لە لایەن زانایانی ئەم بوارەوە بە پێی تایبەتمەندییەکانیان بە سەر چەند جۆردا دابەش دەکرێن. هێندێک لە زانایان و بەتایبەت زمانناسە ئیسلامییەکان باوەڕیان وایە وشەکان لە خۆڕایی بیچم ناگرن و مرۆڤیش بە گۆترە دەنگەکان لە پاڵ یەکتردا دانانێت تاکوو وشەیێک داڕێژێت؛ بەڵکوو تایبەتمەندیی دەنگەکانە کە بە وشە و ڕیزکردنیان بیچمێکی تایبەت دەدات (فلاح و پوردانش، ١٣٩٦: ١٣١). ئیبنی جننی، زانای بەناوبانگی سەدەی چوارەمی کۆچی مانگی، بە وردی ئەم باسە دەخاتە ڕوو و ئاماژە بە هاوئاهەنگیی نێوان دەنگ و واتادا دەکات. ئەو دەڵێت: بوونی هێندێک واچ (دەنگ) لە وشەدا نیشاندەری دیاردەیێک دەبێت کە لە تایبەتمەندیی دەنگەکەدا هەیە. بۆ وێنە، زۆربەی ئەو وشانەی کە پیتی "س" و ساد (ص)یان تێدایە، ئەوا بە بۆنەی گڤە و گژەی دەنگی "س"یە و هتد (ابن جنی، بێ‌تا، ب٢: ١٦٨).

گڤە و گژەیێک کە لە دیاریکردنی واتای وشەکاندا ڕۆڵیان دەبێت و هاوکاتیش مۆسیقاییێکی تایبەتیان پێ دەبەخشن. ئەو تایبەتمەندییەی واچیش هەر هەمان مۆسیقای واچە کە ڕێگە بە هەر ڕیزکردن و دانەپاڵ‌یەکێک نادات. کەوایە وا دیارە قەتاری دەنگەکان لە وشەدا بە خۆڕایی و هەڕەمەکی نییە و دەبێ هێندێک ڕێسای مۆسیقایی ڕەچاو بکرێت. چێژی مرۆڤییش وەکوو فاکتەرێکی کاریگەر لە ڕواڵەت و زنجیرەی دەنگەکان لە وشەدا زۆر بەرچاوە.

هەژمارێکی تا ڕادەیێک زۆر وتار سەبارەت بە ڕەوتە واچییەکان لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا نووسراوە. ڕەنگە ئەم وتارە بە گشتی و بەربڵاو دابنرێت، بەڵام دەرخستنی ئەم ڕەوتانە لە شێوەزارگەلێکی دیکەی زمانی کوردیدا وەک ئەرکێکی دووپاتەیە و دەبێ هۆکاری هەبوونی ڕەوتەکان و دەرکەوتەکەی لە زمانی کوردیدا دەربخرێت. وتاری بەردەست دەیهەوێت لە ڕێگای گەڕانی کتێبخانەیی و مێشکی نووسەر وەکوو ئاخێوەرێکی شێوەزاری کەڵاتەرزانی لە بنزاری ئەردەڵانی لە زاری کوردیی ناوەندیدا و هەروەها بە پشتبەستن بە شێوازی توێژینەوەی وەسفی-شیکاری، ئاوڕێک لە بەشی لەبیرکراوی وشەناسیی کوردی، واتە مۆسیقای وشە و ڕۆڵی ڕەوتە واچییەکان لە بیچم و پێکهاتەیدا بداتەوە. بابەتێک کە نوێیە و لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت لە زارناسیی زمانی کوردیدا دەلاقەیێکی نوێ بەرەو ڕووی توێژەرانی ئەم بوارەدا بکاتەوە. بەم بۆنەوە، گرنگترین پرسیارەکان بریتین لە:

- ڕەوتە واچییەکان لە چ ئاستگەلێکی زمانی کوردیدا ڕوو دەدەن؟
- ڕۆڵی مۆسیقا و ڕەوتە واچییەکان لە پێکهاتە و ڕواڵەتی وشە لە زارەکانی زمانی کوردیدا چۆنە؟

- مۆسیقا بە چ شێوەیێک کاریگەریی لە سەر ڕەنگامەیی زارەکانی زمانی کوردی لە ئاستی وشەدا داناوە؟

- مۆسیقا و ڕەوتە واچییەکان لە وشەدا چۆن دەتوانن لە زارناسیی زمانی کوردیدا ئەرک بنوێنن؟

**۲- پێشینە**

زانایانی بواری زمانناسی و ڕەوانبێژیی عەرەبی، ئاماژەیان بە بابەتی دژیەکیی واچەکان داوە کە لە بازنەی مۆسیقای وشەدا جێگیر دەبێت. زاناگەلێک وەک ئیبنی جننی و تەفتازانی لەم بوارەدا پێشەنگن. لەم سەردەمەشدا، لێکۆڵینەوەیێکی زۆر سەبارەت بە ڕەوتە واچییەکان کراوە کە زۆرتر ئاماژەیان بە لایەنی چەندێتیی ڕەوتە جۆربەجۆرەکان داوە و بە هیچ شێوەیێک باسی کاریگەریی ئەم ڕەوتانەیان لە ڕواڵەتی وشە و ئەرکیان لە پەرەسەندنی واتاییدا نەکردووە. لە نزیکترین بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ناوەڕۆکی ئەم وتارەوە، ئەم چەند وتارەی خوارەوەن:

دیوانی و نووربەخش (۱۴۰۲) لە وتاری «فرایندهای واجی در کردی سنندجی در چارچوب واج‌شناسی نوایی»دا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە ڕەچاوکردنی یاسا واچییەکان تا ڕادەیێکی زۆر لە پێناوی زانیارییە ڕستەسازییەکان[1]دا مسۆگەرە؛ واتە زۆربەی ئەو یاساگەلەی لە بازنەیێکی تایبەتدا بەڕێوە دەچن، پێکڕا پەیوەندییان بە ناو یان کرداربوونی وشە مەبەستەکەوە هەیە. کەوایە، سەرەڕای زانیارییە واچییەکان، بەکاربردنی زانیارییە ڕستەسازییەکان لە توێژینەوەی ڕێسا واچییەکان لە شێوەزاری سنەییدا زۆر گرنگ و بنەڕەتییە.

خەنجەری و ڕاشیدموحەسێڵ (۱۳۹۷) لە وتاری «فرایندهای واجی در گویش کردی سنقر کلیایی»دا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە لە وشەکانی شێوەزاری سونقوریدا هاوکات چەند ڕەوتی واچیی چالاک ڕوو دەدات. هەروەها لەم شێوەزارەدا ڕەوتی بزربوون یان لاوازبوون زۆرترین و جێگۆڕکێش کەمترین هەژماری ڕەوتی واچی پێک دێنن.

قەنبەری عەبدولمەلیکی و فیرووزیان پوورئێسفەهانی (۱۴۰۰) لە وتاری «تحلیل برخی از فرایندهای واجی در گویش اورامی شمال ایران در چارچوب واج‌شناسی زایشی و نظریه بهینگی (مطالعه موردی گویش عبدالملکی)»دا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە ڕەوتگەلێک وەک هاوجۆری، ناهاوجۆری، بزربوون، ئاخنین، لاوازبوون و جێگۆڕکێ لەم شێوەزارەدا چالاکن. هەروەها ڕادەی لاوازبوون، بزربوون و هاوجۆری لە ڕەوتەکانی دیکەدا زۆرترە.

---

۱. اطلاعات نحوی

بەدەخشان و هاوکاران (١٤٠٢) لە وتاری «بررسی تأثیر متغییرهای اجتماعی سن، تحصیلات و جنسیت بر فرایند قلب واجی بر اساس زبانشناسی اجتماعی تنوع‌گرا: مطالعه موردی "chokla" چوب در کردی هورامی»دا گەیشتوون بەو ئەنجامە کە بگۆڕەکانی تەمەن و ڕەگەز لەگەڵ ڕادەی جێگۆڕکێ لە وشەی باوی "چوکڵە"دا پەیوەندییەکی واتاداریان هەیە و لەم دووانەشدا، ڕادەی کاریگەریی بگۆڕی ڕەگەز لە تەمەن زۆرترە. هەروەها لە نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕادەی بەکارهێنانی وشەی هەڵگەڕاوە (مقلوب)ی "چوڵکە"دا پەیوەندییەکی واتادار نییە. وێڕای ئەمەش، کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ڕەهەندە زمانییەکان و بەتایبەت ڕەهەندی جێگۆڕکێی واچیدا مسۆگەرە.

زەمانی و بەدەخشان (١٣٩٣) لە وتاری «تأثیر محدودیت رعایت توالی رسایی بر فرایندهای واجی و آوایی زبان کردی: گویش کلهری»دا نیشان دەدەن دوابەدوایی ڕەسایی لە شێوەزاری کەلهوڕیدا هەیە و دەبێ ڕەچاو بکرێت. واتە هێندێک دەنگ لە هێندە دەنگێکی دیکە ڕەساترن و ڕیزبەندیی دەنگەکان بە پێی ئەم یاسایە لە نێو برگەکاندا پێویستی بە ڕەچاوکردنی یاساوڕێسای[1] خۆی هەیە. هەروەها ئەگەر وشەیێکی بیانی بڕواتە نێو ئەم شێوەزارەوە، ئاخێوەران بە پێی ئەم یاسایە چاوی لێ دەکەن و بە پێی ئەو دۆخەی دوابەدوایی ڕەسایی نێو شێوەزارەکەیان، خۆماڵیی دەکەن. ڕۆڵی ڕەهەندی جێگۆڕکێ لە هێندێک دوابەدوایی دەنگی لە شێوەزاری کەلهوڕیدا زۆرترە.

فەلاح و پووردانش (١٣٩٦) لە وتاری «تناسب آوایی- محتوایی (فنوسمانتیک) در آیات قرآن: با بررسی مواردی از سوره واقعه»دا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە جوانی و ڕێک‌وپێکی و ئاهەنگی بێژە (تلفظ)ی قورئان لەگەڵ واتادا پەیوەندییان هەیە و بگۆڕەکانی فۆنەتیکی، واچی و دەنگی لەگەڵ بگۆڕە واتایی و سێمانتیکەکاندا دەگونجن. لە ڕاستیدا، ئەو دژیەکییە دەنگی یان واچییەی لە نێوان واچەکاندایە، دەبێتە هۆی پەسندبوونی وشەکان لە لایەن ئاخێوەرانەوە.

مەدەنی فەرد (١٣٩٨) لە وتاری «زبان، موسیقی و مغز»دا بە گێڕانەوە لە کولشەوە[2] دەڵێت: مەڵبەندی دەماریی هێندێک لە لایەنەکانی تێگەیشتن لە مۆسیقا و بەتایبەت پێکهاتە، ڕێزمان، واتا و واتاناسیی مۆسیقا، لەگەڵ ناوچە دەرگیرەکانی مێشک لە تەتەڵەی زماندا هاوبەشن. واتە هێندێک سامانی هاوبەش لە نێوان مۆسیقا و زماندا هەیە.

عومرانپوور (١٣٨٦) لە وتاری «اهمیت عناصر و ویژگی‌های ساختاری واژه در گزینش واژگان شعر»دا دەڵێت: بە بۆنەی ئەوەی کە هەر وشەیێک خاوەنی دوو لایەنی دەنگی و واتاییە، ئەوا دوو

---

١ . ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو یاساوڕێسایە هەر هەمان مۆسیقای وشە بێت.

2. Koelsch

ئەرکی بنەڕەتیی لە شێعردا هەیە: لە لایێکەوە بیچم و شێوەی شێعر، و لە لاییێکی دیکەوە ئامرازی گواستنەوەی واتای مەبەستی شاعیرە. لایەنی دەنگیی وشە، دوو ڕۆڵی سەرەکیی لە پێکهاتەی شێعردا هەیە: ۱- بەدیهێنەری مۆسیقای شێعرە. ۲- هۆکاری ڕەخساندن و دانانی وێناکانە لە مێشکدا. ئەرکی دەنگیی وشەکان نە تەنیا لە بەدیهاتنی مۆسیقادا گرنگە، بەڵکوو لە ڕەخساندنی وێنا و واتاکانیش لە بیر و هزردا کاریگەرە.

سەرەڕای ئەم وتارانە، هیچ وتارێک بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئاوڕی لە بابەتی وتاری بەردەست نەداوەتەوە. بۆیە، لە جۆری خۆیدا نوێیە و دەتوانێت بەشێکی گرنگ لە هۆکاری دەرکەوتنی ڕەوتە واچییەکان و لە هەمان کاتدا هۆکاری جیاوازیی زاراوەیی نێوان زارە کوردییەکان و تایبەتمەندیی زمانی کوردییش دەربخات. ڕەنگە هەوڵگەلێک لە سەر زاری کوردیی باکوورییش درابێت کە ئێمە ئاگامان لێ نەبێت یان دەستمان پێ نەگەیشتبێت، بەڵام ئەگەر هەوڵگەلێکیش هەبێت، ئەوا بیرۆکەی بنەڕەتیی بابەتەکە ڕەت ناکەنەوە. بە هەر شێوە، ئەم بابەتە دەتوانێت وەکوو دەلاقەیێک بێت بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر و هەروەها لێکتێگەیشتنی باشتری ئاخێوەرانی زمانەکە.

## ۳- دەنگ و مۆسیقای وشە

مرۆڤ بەبێ‌سروشت نەدەبوو و نابێت. ئەگەر سروشت لە مرۆڤ بستێنین، ئەوا چیدی مرۆڤ بوونی خۆی لە دەست دەدات. سروشت هەموو شتێکی بە بوونەوەرانی خۆی و بەتایبەت مرۆڤ بەخشیوە. هەر شتێکی ئەم جیهان و سروشتە ڕێکوپێکە لە جێگای خۆیدایە و وەکوو مامۆستاییێک، مرۆڤی فێر بە ئەو ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگییە کردووە. سەدان ساڵ لەمەوبەر، فەیلەسووفی ناسراوی یۆنانی فیساگۆرس وتوویەتی: ئەم جیهانە، ژمارە و ئاوازە کە مەبەستی لەم ژمارە (ڕیتم) و ئاوازەش ئەو بەرنامە ڕێکوپێک و شاراوەیە کە بەرنامەی بۆ گەردوون و سروشت و مرۆڤ داناوە بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ هەستی پێ بکەین. ئەم بەرنامە پڕ نهێنییەی گەردوون لە دێرزەمانەوە بیری مرۆڤی بۆ ئەوە بردووە کە هەست بکات هەموو ژیانی مرۆڤ و هەموو سروشت و گەردوون بریتی بێت لە ڕیتمێکی مۆسیقایی شاراوەی ئاشکرا (حەمەباقی، ۲۰۰۲: ۹؛ خالقی، ۱۳۷۸: ۱). واتە مرۆڤ وەکوو گیانەوەرێکی زۆر گرنگی ئەم جیهانە، ئاگای لە مۆسیقای هێندێک شت هەیە؛ لە هەمان کاتیشدا ئاگای لە مۆسیقای هێندە شتێکی دیکە نییە و هەستی پێ ناکات، بەڵام سەرەڕای ئەو هەستنەکردنەش، هەر ڕەچاوی یاساوڕێساکانی دەکات.

بە بڕوای هێندێک لە زانایان و توێژەران، مۆسیقا لە کاتی بەدیهاتنی مرۆڤەوە هەبووە. ئەوان تەمەنی مۆسیقا بە تەمەنی مرۆڤەوە دەبەستنەوە. بەم بۆنەوە، سەبارەت بە مۆسیقا ئاوەها دەڵێن: «دەبێ بەدیهاتنی مۆسیقا لەگەل بەدیهاتنی مرۆڤ و توانستی ئاخاوتن و گۆرانیی ئەودا هاوکات

ببن» (دلیر، ۱۴۰۱: ۲۲). بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە دان بەم بڕوایەدا بنێین، ئەوا لە ڕاستیدا تەمەنی مۆسیقامان زۆر کورت کردووەتەوە، چونکوو بێگومان مۆسیقا زۆر پێشتر لە بەدیهاتنی مرۆڤەوە، وەکوو بەشێکی پێویست و گرنگی گەردوون هەر هەبووە. لە بەرانبەری ئەو بۆچوونەدا، هێندێکی دیکە لە زانایان و لێکۆڵەران ئاماژە بە کۆنبوونی مۆسیقا و هەبوونی لە گەردووندا دەکەن و دەڵێن: مۆسیقا یەکێک لەو هونەرە جوانانەیە کە لە سەرەتای ئافراندنی جیهانەوە، لە سروشتدا دانراوە (شمس، ۱۳۸۳: ۱۱؛ خالقی، ۱۳۷۸: ۱). بە هەر شێوە، مۆسیقا لەگەڵ ڕۆح و جەستەی مرۆڤدا تێکەڵە و بە هیچ جۆرێک لێیان جیا نابێتەوە، بەڵکوو بەردەوام دەیهەوێت لە ڕێگای هەر جۆرە بەرهەمێکی مرۆڤییەوە خۆی دەربخات.

لە دابەشکاریی جۆری دەنگدا ڕوانگەییێک هەیە کە دەنگ بە دوو بەش دادەنێت. دەنگی مۆسیقایی و دەنگی نامۆسیقایی. دەنگی مۆسیقایی وەک دەنگی مرۆڤ یان دەنگێک کە بە هۆی ئامێرە مۆسیقاییەکانەوە دروست دەبێت. واتە زمان و ڕێنووسی مۆسیقا بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت: یەکەم لە ڕێگای دەنگی مرۆڤ و ئەوی دیکەیان لە ڕێگای ئامێری مۆسیقاییەوە کە جۆری یەکەم بە مۆسیقای دەنگی و جۆری دووهەم مۆسیقای سازی یان ئامێری دەناسرێت (خالقی، ۱۳۷۸: ۶-۵). مەبەست لە مۆسیقای دەنگییش هەر جۆرە گۆرانییەکە مرۆڤ دەیڵێت و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیە و لە ڕوانگەی گشتی و بەتایبەت زانایانی مۆسیقاوە، بە مۆسیقا دادەنرێت. بەم بۆنەوە، وا دیارە دەتوانین زمانی مرۆڤیش لە کاتی داڕشتنی وشەدا بە جۆرێکی مۆسیقای دەنگی بێنینە ئەژمار. ئەمە وتەییێکی نوێ نییە و پێشتر بە شێواز و وتەگەلێکی دیکە لە کتێبە دێرینەکانی زمانناسی و ڕەوانبێژیدا ئاماژەی پێ کراوە.

زمان وەکوو گرنگترین توانستی مرۆڤ، ناتوانێت لە ژێر کاریگەریی مۆسیقادا نەبێت. زمان وەکوو ئاوێنەییێک، گشت هێمانە کارتێکەرەکانی ژیانی مرۆڤ و بەتایبەت مۆسیقاش لە خۆیدا دەپارێزێت و دەینوێنێتەوە. «زمان، سێهەمین ماکی گەورەی بەدیهێنەری جیهانی دەنگیی مرۆڤە» (شەمیری، ۱۳۸۸: ۳۸). جیهانێک کە تەژی لە دەنگ و ڕیتمێکی ڕێکوپێکە و هەر جۆرە دەنگێک بۆ خۆی خاوەن مۆسیقای تایبەتە. گرنگیی دەنگ لە ئاستێکدایە کە زۆر جار پێناسەی مۆسیقا بە دەنگ دەکرێت و دەبێژرێت: «مۆسیقا دەنگێکە مرۆڤ سامانی دەدات و ئەم دەنگە بە هۆی کاریگەریی هەستێکی سۆزاویی جوانیناسانەوە بەرهەم دێت و هەستێکی هاوتەریب لە بەردەنگدا پێک دێنێت» (دلیر، ۱۴۰۱: ۴۰). کەوایە، لە ڕەوتی پەیوەندیی زمانییشدا، دەبێ هەر دووی ئاخێوەر و بەردەنگ، شارەزا و تامەزرۆی ئەو دەنگ و ڕیتمە بن تاکوو پەیوەندییەک سەر بگرێت و ئینجا زانیارییەک ئاڵوگۆڕ بکرێت.

مرۆڤی سەرەتایی هەموو شتێک لە سروشتەوە فێر بووە. کاتێک بەرەبەرە توانستی قسەکردن لە جەستەیدا دەرکەوتبوو و پێش لەوەیش زۆر گوێی لە دەنگی سروشت و بوونەوەرانی گرتبوو، ئەوا بە لاسایی‌کردنەوەی هەر جۆرە دەنگێکی ژینگەی خۆی، هەوڵی پاراستنی ڕێساکانی ئەو ڕیتمە گشتییەی گەردوونی دەدا. «مرۆڤی سەرەتایی بە لاسایی‌کردنەوەی دەنگی بوونەوەران، توانی دەنگێک لە قوڕگی خۆیەوە بداتە دەرەوە کە تا ڕادەیێک لە دەنگی ئەو بوونەوەرانە دەچوو» (شمس، ۱۳۸۳: ۱۱). واتە مرۆڤ وەکوو بەشێکی ئەو گەردوونە، بە شێوەی هەستپێ‌نەکراو، نەیدەتوانی و ناتوانێت هەروا هەڕەمەکی کەڵک لە دەنگ و مۆسیقا وەربگرێت. هەڵبەت هەر ژینگە و سروشتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەو تایبەتمەندییەش لە سەر شێوازی لاسایی‌کردنەوەکەدا ڕۆڵی هەبووە.

دەنگەناوەکان دەتوانن دیارترین میناکی ئەم جۆرە ببن. ڕەنگە کەمتر زمانێک لە جیهاندا ببێ کە وەکوو زمانی کوردی قەرزداری سروشت بێت و کاریگەریی لە هەموو جۆرە دەنگێکی دەڤەری خۆیەوە بینیبێت. لە دوای تۆزێک ڕامان و بیرکردنەوە یان بە سەرنجدانێکی زۆر خێرای فەرهەنگە کوردییەکان، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ وێنە، چاوگی ڕمان، تەپین، زەقین، قوڵین، چەقین، لێسین، خوڕین یان ناوی گڤە، کیفە، گرمە، زرمە، قیرە، هەرا، شڵپە، قڵمە یان وشەی دووپاتەی فشەفش، زیرەزیر، ویتەویت، فیکەفیک، تڵپەتڵپ و بۆڕەبۆڕ، دەیان جۆر وشەی نوێیان لێ چێ کراوە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە کاتێ مرۆڤی کورد ئەو مۆسیقا سروشتییەی هێناوەتە نێو زمانی خۆیەوە، وەکوو بنەڕەت و سەرمیناکێک کەڵکی لێ وەرگرتووە و، دواتر بۆ مەبەستگەلێکی جۆربەجۆر بە کاری بردووە.

کاتێک مرۆڤ توانی بەرەبەرە لاسایی سروشت بکاتەوە و دەنگەکان و واچەکان بڕکەبڕکە بڵێتەوە، ئەوا بۆ چارەسەریی پێداویستی و دەربڕینی هەستی خۆی پەنای بۆ وشە و ئینجا ڕستە برد. وشە بەشێکی زۆر گرنگی هەر زمانێکە و خاوەن ڕیتم و مۆسیقای تایبەت بە خۆیە. مرۆڤ بە لادان لە مۆسیقا و ڕیتمی ڕیزکردنی واچەکان، ناتوانێت لە خۆیەوە واچەکان ڕیز بکات و بڕگە و وشە پێک بهێنێت. ڕەواقییەکان لە دوای لێکۆڵینەوەی بڕگەکانی زمانی یۆنانی، سێ ڕیز و دانەپاڵیەکێکیان بۆ دەنگەکان دۆزیەوە: یەکەم ئەو ڕیزانەی کە لەو کاتەی زمانی یۆنانیدا بوون (و ئێستاش هەن)؛ دووهەم ئەو ڕیزانەی کە دەتوانن پێک بێن؛ سێهەم ئەو ڕیزانەی کە هیچ کاتێک ناتوانن چێ ببن، چونکوو لە بنەڕەتدا پێکهاتنیان لە چوارچێوەی واچناسیی ئەو زمانەدا سەر ناگرێت (روبینز، ۱۳۷۰: ۶۳).

یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی پاراوبوونی زمان لە ڕەوانبێژیدا، پاکژیی وشە لە دژیەکیی دەنگی- واچییە[1] کە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا بە دژیەکیی پیتەکان[2] ناسراوە (التفتازانی، ١٣٨٨: ١٩). وشەگەلی هەر زمانێک لە پێکەوەگونجان و ڕیزکردنی واچەکان لە پاڵ یەکتردا بیچم دەگرن و هەر دەستەیێک بۆ خۆی خاوەن کێشێک دەبێت کە ئەو کێشەش بە یارمەتیی مۆسیقا و لە دوای ئەزموونێکی مرۆڤیی زۆرەوە لە زمانەکەدا جێگیر بووە. «لایەنی دەنگیی هەر وشەیێک لە کۆبوونەوە و ڕیزبوونی دوو یان چەند واچ پێک دێت و بە شێوەی گوتن یان نووسین بیچمێک (بیستراو یان بینراو)ی بەرچاو لە خۆ دەگرێت» (عمرانپور، ١٣٨۶: ١۶٠ و ١۶١). ئەم وتەیە ڕاستە، چونکوو هەر نووسینێک، خوێندنێک بە شوێن خۆیدا دێنێت. کەوایە، «یەکەم هەنگاو لە نووسیندا هەڵبژاردنی وشەکانە کە دەبێ لە هێم یان زات و گەوهەر و هەروەها بیچم و ڕواڵەتیاندا خاوەنی جوانی و ڕێک‌وپێکی ببن» (خرقانی، ١٣٩٩: ٣۴).

وا دیارە گشت یان بەشێکی زۆری ئەم جوانی و ڕێکوپێکییە لە پێناوی مۆسیقا و ڕەچاوکردنی یاسا مۆسیقاییەکاندا بێت. هەڵبەت نابێ چێژی مرۆڤییش لە بیر بکەین کە تا ڕادەیێکی زۆر ناتوانێت لەو یاسا مۆسیقاییانە لا بدات، چونکوو خودی مرۆڤ بەشێک لەو مۆسیقا و هارمۆنییە گشتییە دێتە ئەژمار کە لە ڕۆح و ناخی گشت شتێکدا هەیە. چێژی مرۆڤی تا ڕادەیێک لایەنی مۆسیقایی بە دڵی خۆی دەگۆڕێت. چێژێک کە لە جۆربەجۆریی مۆسیقای ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهان بە گشتی و ناوچەکانی کوردستانیشدا بەتایبەت جوان دیارە.

ڕەنگە گۆڕانی مۆسیقای هێندێک وشە، گۆڕانی واتای لێ بکەوێتەوە. واتاناسیی دەنگی[3]، دەرخستنی هەمان واتا و هێمایە کە دەنگە پێکهێنەرەکانی یەک وشە بیچم دەدەن؛ بۆیە وشە جۆربەجۆرەکان بە بۆنەی دەنگە جۆربەجۆرەکانیانەوە، واتاگەلێکی جیاواز دەرەخسێنن (طالبیان و همکاران، ١٣٩٨: ١٩٢ بە گێڕانەوە لە مطر، ١٩٩٨: ۴٧). وا دیارە، گۆڕانی واچ و مۆسیقای هێندێک لە وشەکانی زمانی کوردی تەنیا جیاوازیی زاری و ژێربەشەکانی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو ڕەنگە لە هەمان کاتدا، واتایێکی نوێ و سەر بە بنەڕەتە سەرەتاییەکەی هاتبێتە ئاراوە و بازنەی واتایی بنەڕەتە سەرەتاییەکەی بەربڵاوتر کردبێت. یان دەکرێ بڵێین ڕەنگە هەر هەمان وشە لە زارێکی دیکەی زمانی کوردیدا و لە دوای ڕوودانی ڕەوتێکی واچی، واتایێکی نوێی سەر بە ڕەچەڵەکە سەرەتاییەکە ئافراندبێت. کەواتە، دەبێ ڕەوتە واچییەکان وەکوو بەشێک لە واتاناسیی

1. Cacophony

٢ . تنافر الحروف

3. Phonosemantics

دەنگی دابنرێت کە دەتوانێ لە هەر زمانێکدا ڕوو بدات. دواتر ئەم ڕاستییە بە هێنانی چەند میناکێک دەردەخرێت.

بە بڕوای هێندێک لە زانایان و زمانناسان، «وشە یەکەیێکی دەنگ‌ناسانە نییە، بەڵکوو یەکەیێکی واتاناسانەیە» (ملکی، ۱۳۷۸: ۵۰). بەڵام ئەگەر بە گشتی باوەڕمان بە ڕوودانی ڕەوتە واچییەکانی هەر زمانێک لە وشەدا بێت و بەتایبەتی سەرنجی میناکەکان لەم وتارەدا بدەین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانین بڵێین وشە یەکەیێکی واتایی تەواوە و هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگ و مۆسیقاوە نییە. کەوایە «دەکرێ لە ڕوانگەی دەنگناسییەوە وشە بە یەکەیێکی دەنگیی لێکدراو پێناسە بکرێت» (حق‌شناس، ۱۳۵۶: ۱۴۰). ڕاستە مۆسیقا لە ڕستەدا دەگاتە لووتکە، بەڵام ناتوانین واچ و بڕگە بە یەکە دەنگییەکان دانێین و ڕستەش بە خاوەنی مۆسیقای تایبەت بە خۆی بزانین، کەچی لەو نێوەندەدا وشە بە خاوەنی مۆسیقای تایبەت بە خۆی دانەنین. ئەگەر ئاگامان لە مۆسیقای وشە نەبێت، ڕەنگە نەتوانین تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە و لەبارمان لە مۆسیقای ڕستەش ببێت.

جیهانی شێعر یەکێک لەو بوارانەیە کە تێیدا گرنگییەکی زۆر بە ڕواڵەت و بیچم و لایەنی دەنگیی وشە دەدرێت. «لە شێعردا، گرنگیی لایەنی دەنگیی وشە کەمتر لە لایەنی واتاییەکەی نییە و بگرە زۆرتریش بێت. بە بڕوای شاعێر، گشت واچەکانی هەر وشەیێک گرنگن. کورت و درێژبوونی وشەکان، هەژماری بڕگەکان، ڕەوان یان دژوارییی گوتنی وشەکان و تایبەتمەندییە دەنگییەکانی دیکەیان، بەشێکی گرنگی کەڵکەڵە و بیرئاڵۆزیی شاعێر لە هەڵبژاردنی وشەدا پێک دێنن. ئەو لە نێو وشەکاندا، وشەیێک هەڵدەبژێرێت کە لە باری مۆسیقاییەوە سەرنجڕاکێش‌تر ببێت» (عمرانپور، ۱۳۸۶: ۱۶۱). بەم جۆرە، شاعێر شێوازێکی پتەو بۆ خۆی دادەنێت کە بۆ لایەنگران و ڕەخنەگرانی ئەو ئاشنایە.

وا دیارە یەکێک لە هۆکارەکانی پەسەندبوونی شێعر و مانەوەی لە دڵ و مێشکی بەردەنگیشدا ڕەچاوکردنی ئەم لایەنە بێت. «شاعێر هۆگر و لایەنگری دەنگی وشەکانە و بۆ بەهێزکردنی واتا کەڵکیان لێ وەردەگرێت» (پرین، ۱۳۷۳: ۳۵). واتە، شاعێر بۆ پاراستنی واتا و هەروەها بۆ بەهێزتربوونی شێوازی خۆی هەوڵ دەدات وشەگەلێک هەڵبژێرێت کە واتای مەبەست بپێکن و لە هەمان کاتیشدا خاوەن ئاهەنگ و مۆسیقاییێکی خۆشیش بن.

## ۴- ڕەوتە واچییەکان

هەر واچێک سەرەتا دەنگە و بۆ خۆی خاوەن تایبەتمەندییەکی دەنگی و واتاییە. ئینجا کاتێک لە وشەیێکدا ڕیز دەبێت، مۆسیقاییێکی نوێ پێک دێنێت کە گۆڕانی هەر یەک لەو واچانە، مۆسیقای وشەکەش دەگۆڕێت. لە زمانناسیی سەردەمدا، لایەنی دەنگیی واچەکان بە وردی توێژینەوەیان لە

سەر دەکرێت. بەم بۆنەوە، ڕەوتە واچییەکان بە سەر چەند جۆری جیاوازدا دابەش کراون. ئێمە نامانهەوێت داتای ئەو جۆرە ڕەوتانە و ڕادەیان لە نێو ئاخێوەراندا ڕوون بکەینەوە و بابەتی ئەم وتارەش ئەوە نییە، بەڵکوو دەمانهەوێت ڕێگایێک بۆ دۆزینەوەی هۆکار یان هۆکارێکی ڕوودانی ئەم ڕەوتانە و دیکەی ڕەوتە جۆربەجۆرەکان لە زمانی کوردیدا بدۆزینەوە. ڕەنگە هۆکارێکی گرنگی ئەم بابەتە لە مۆسیقا و ئاهەنگی وشەدا بێت.

زمانناسی مەزن، فێردینان دوسوسور[1] لە کتێبی *خولی زمانناسیی گشتی*[2]دا ئاماژە بە حەوت هۆکاری گۆڕانکارییە دەنگییەکان دەکات و بەم جۆرە ڕیزیان دەکات: یەکەم جیاوازییە ڕەگەزییەکان؛ دووهەم ڕاهاتن لەگەڵ کەشوهەوا و ژینگەدا؛ سێهەم یاسای کەمترین هەوڵ بۆ زۆرترین گوتن؛ چوارەم فێرکاریی دەنگی لە منداڵیدا، واتە هێندێک لە هەڵەکانی منداڵی ڕاست ناکرێنەوە و لە گەورەساڵیدا بە کار دەبرێن؛ پێنجەم بارودۆخی گشتیی یەک نەتەوە؛ شەشەم بیرۆکەی «بنەڕەتی پێشووی زمانی»، واتە زمانی خەڵکی ناوچەیێک تێکەڵ بە زمانی تازەگەیشتووان بەو ناوچەیە ببێت؛ حەوتەم ئەم گۆڕانکارییانە وەکوو گۆڕانی مۆد دەبینن. بەڵام ئەو لە هیچ یەک لەم پاکانە و بەڵگەهێنییانە دڵنیا نییە و بە دوودڵییەوە لێیان دەڕوانێت (دوسوسور، ١٣٧٨: ٢١٣- ٢١٩). ئێمە دەتوانین مۆسیقاش لە پاڵ ئەم چەند هۆکارەدا دانین کە ڕەنگە بتوانێت تا ڕادەیێک لەگەل هۆکاری سێهەمیشدا هاوبەش و هاوڕێ ببێت و لە هەمان کاتیشدا لە بەرانبەری هیچ یەک لە هۆکارەکانی دیکەشدا ناوەستێت، بەڵکوو بە هۆیانەوە بەهێزتر دەبێت.

ڕۆڵی سروشتی کوردستان لە جۆربەجۆریی زارەکانی زمانی کوردیدا حاشاهەڵنەگرە. بێ‌گومان ئەم فاکتەرە لە سەر هەر دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی و هەروەها زمانیشدا کاریگەریی هەیە. «ئەگەر سروشت و ژینگە، سەوزەڵان و دڵڕفێن و خاوەن کەشوهەواییێکی لەبار بێت، ئەوا مرۆڤەکەی بەهەستتر و چالاکترە و بە پێچەوانەوە ئەگەر سروشتەکە وشک و بێ‌ئاو و سەوزایی بێت، ئەوا بزوێنەری هەستی مرۆڤەکانی ئەو ژینگەیە کەمتر و مۆسیقاش لە نێویاندا کەمتر سەر هەڵدەدات» (رفیع‌پور، ١٣٥٧: ٣٦ و ٣٧).

کەوایە، بوونی مۆسیقای تایبەت لە هەر ناوچەیێکی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی سروشتی جۆربەجۆری ناوچەکانی کوردستانە کە بە شێوەی هۆرە، چەمەری، سیاچەمانە، بەیت، حەیران، لاوک، لاوژە و چەند جۆری دیکەی گۆرانی و مۆسیقا بیچمیان گرتووە. ئەم ڕەنگامەییە بە دڵنیاییەوە لە زمانەکەشدا وەکوو چەند زاری سەرەکی ڕەنگی داوەتەوە. کەوایە، وێڕای هۆکاری

1. Ferdinand de Saussure (1857- 1913)
2. Course In General Linguistics

مۆسیقایی، ئەوا گۆڕانکارییە دەنگییەکانی زمانی کوردی، دەتوانن بۆ چەند دانە لە هۆکارە باسکراوەکانی سوسوریش بگەڕێنەوە.

لەم وتارەدا نامانهەوێت و ناتوانین لە سەر هەموو ڕەوتەکان لە زارەکانی زمانی کوردیدا بدوێین، بەڵکوو تەنیا ئاماژەیێک بە چەند میناک لە سێ ڕەوتی گۆڕان[1]، جێگۆڕکێ[2] و بزربوون[3] دەکەین و نیشانی دەدەین کە مۆسیقای وشە لە ڕوودانی ئەم ڕەوتانەدا چەندە دەتوانێت کاریگەر ببێت. ئەم ڕەوتانە ڕواڵەتی وشە لە زارە کوردییەکان و لقەکانیاندا دەگۆڕن و لە هێندێک دۆخیشدا جیاوازیی واتایی دروست دەکەن. ئەم جیاوازییە هەم دەتوانێت لە یەک زار یان ژێربەشەکانیدا ڕوو بدات و هەمیش دەتوانێت لە نێوان دوو زار و ژێربەشەکانیاندا ڕوو بدات کە جۆری دووهەم، کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە زمانییەکان و ڕادەی تێگەیشتن زۆرتر دەبێت.

**۴-۱- گۆڕان**

ڕەنگە گۆڕانی واچ لە زمانی کوردیدا بەربڵاوترین جۆری ڕەوتی واچی بێت. دەرخستنی ئەم بڕوایە پێویستی بە سەرنجدانێکی زۆر ورد و درێژخایەن و داتامەندە. زۆرینەی ئەو گۆڕانکارییە زمانییانەی لە درێژەی مێژوودا بە سەر هەر زمانێکدا هاتووە، لەم بوارەدایە کە زمانی کوردیش لەو بازنەیە دەرناچێت. لە هێندێک کتێبی ڕێزمانیدا بەبێ هێنانەوەی هۆکار و پاساوێک، ئاماژە بە گۆڕانی واچەکان لە کاتە جیاوازەکانی کرداردا کراوە. بۆ وێنە، محەمەد مەحوی ئاماژە بە گۆڕانی بناغەی کردارەکان لە کاتی ڕابردوو و داهاتوو دەکات: «ژمارەیەک لە کردارەکان جۆرێک لە بناغەگۆڕین نیشان دەدەن: ناردی و دەنێرێت/ هات و دێت/ خورا و دەخورێت/ کوشتی و دەکوژێت» (مەحوی، 2010: 17).

ڕەنگە یەکێک لە بەربڵاوترین و کۆنترین گۆڕانەکانی واچ لە گۆڕانی واچی "و" بۆ "ب" یان پێچەوانەکەیدا ببێت. کاتێک دەڵێین پێچەوانە، مەبەستمان ئەوەیە کە هەنووکە لە ڕەوتی گۆڕانەکە لە گشت میناکەکاندا بەتەواوی دڵنیا نین. ئەم نادڵنیاییە بە هیچ جۆرێک لە سەرەنجامی وتاری بەردەستدا کاریگەریی نییە، ئێمە هەر بە دوای دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەشدا نین و تەنیا ڕەوتەکە بۆمان گرنگە. بە هەر شێوە، ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی دەرکەوتنی یەک وشە لە دوو یان سێ دیمەن و ڕواڵەتی جیاوازدا. لە وشەگەلێک وەک وەفر، واران، وەهار، واز، زرێوار، ئەوێنم، کە بوونەتە بەفر، باران، بەهار، باز، زرێبار، دەبینم (هەروەها گۆڕانی واچی"ئ" بۆ "د" و "ێ" بۆ "ی" یان پێچەوانەکەیان). واتە لە وشەیێک وەک "دەبینم"دا سێ یان چوار گۆڕانی واچی ڕووی داوە کە

---

۱ . ابدال/ تغییر

۲ . قلب

۳ . حذف

هیچ مەبەستێک بێجگە لە هاسانیی گۆکردنی وشەکە لە پشتیەوە نییە و ئەم چەند گۆڕانەش وەکوو زنجیرەییێکی پێکەوەگونجاون. دانانی واچێک لە جێگای واچێکی دیکەدا بۆ هاسانیی گۆکردنە.

هێندێک جار لە زنجیرەی وتاردا یەکەییێکی زنجیرەکە بۆ یەکەییێکی دیکە دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی بتوانین لە چوارچێوەی ڕەوتەکانی هاوجۆری، ناهاوجۆری و هتددا بەڵگە و بیانوویێکی بۆ بهێنینەوە (حق‌شناس، ١٣٥٦: ١٦٠). ڕەنگە مۆسیقا و ئاهەنگی وشە بتوانێت بەشێک لەو بیانوو و پاساوەمان بۆ دابین بکات و هۆکارێکی ئەو ئاڵوگۆڕە جۆربەجۆرەی زنجیرەی واچەکانمان بۆ دەربخات. دوسوسور لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئاماژە بە هۆکاری بەدیهاتنی یاساکانی گۆڕان دەکات و دەڵێت: ئەم یاسایانە تەنیا، دەرەنجامی هەڵکەوتی گۆڕانکاریگەلێکی دەنگین (دوسوسور، ١٣٧٨: ٢٣٠). واتە گۆڕان، دەرکەوتە و دەرەنجامی هۆکارێکی مۆسیقاییە.

گۆڕانێکی گرنگی دیکە کە لە نێو زاری کوردیی ناوەندی و باشووریدا زۆر بەرچاوە، جێبەجێ‌بوونی واچی"ه" بۆ "خ"یە (هەڵبەت دەتوانین وەکوو بزربوونی واچیش لە بەرچاوی بگرین. واتە "ه" لە سەرەتادا بزر دەبێت کە لە هەورامیدا زۆرە). واچی "ه" واچێکی کوردییە (سەجادی، ١٣٩٧: ٥٩) کە لە زۆر بنزار و شێوەزاری کوردیی باشووریدا ماوەتەوە، بەڵام لە کوردیی ناوەندیدا بۆ واچی "خ" گۆڕاوە. بۆ وێنە، ئەم گۆڕانە لە وشەکانی هوەنین، هوار، هۆر یان وەر، هانە یان هانی، هۆڵ و هەستدا دەبینین کە لە کوردیی ناوەندیدا بوونەتە خوەنین یان خوەندن و یان خوێندن، خوار، خۆر یان خوەر، خانە (کانە) یان خانی (کە لەوەدوا دەبێتە کانی)، خۆڵ و خەست. هەڵبەت وشەی "خەست" لە شێوەزاری لەیلاخیدا (هەروەها ڕەنگە لە شێوەزارگەلێکی دیکەشدا) بووەتە سەخت؛ واتە هەم ڕەوتی گۆڕان و هەم ڕەوتی جێگۆڕکێی واچیی بە خۆیەوە بینیوە. بەم شێوەیە، وشەکە سەرەتا هەست (بە واتای هەس و هۆڵ یان خەست و خۆڵ) بووە، ئینجا بووەتە خەست و بە دوای ئەوەدا بووەتە سەخت. کەواتە، مۆسیقا و چێژی مۆسیقایی ناوچە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی وای کردووە وشەکان بەم جیاوازییە زۆر سەرنجڕاکێشەوە ببینین.

ئاگاداری لە ڕەوتی گۆڕانی واچی دەتوانێت لە دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی وشەدا یارمەتیمان بدات. بۆ وێنە، وشەی مێشوولە لە هێندێک لە شێوەزارەکانی بنزاری ئەردەڵانیدا بە شێوەی میشوولە دەبێژرێت. واتە وەکوو ڕاستییەکی مۆسیقایی، لە ئەستووریێتیی مێشوولە دابەزیوە و بووەتە میشوولە. دەبێ بزانین ڕیشەی میشوولە لە مێشەوە هاتووە، واتە لە ئەستووریێتیی بزوێنی "ێ" کەم بۆتەوە و کەڵک لە ناسکیی بزوێنی "ی" گیراوە. هەر بەم شێوەیە، وشەی هێک یان هێلکە لە شێوەزاری سنەییدا بووەتە هیلکە و واچی "ێ" بە پێی ئەو یاسایە بۆ "ی" گۆڕاوە. ئەم گۆڕانە لە وشەگەلێکی

هاوبنەماڵەی وەک هێلانە و هێلەساودا نابینرێت. واتە ئەم ڕەوتە لە گشت وشەیێکدا ڕوو نادات و دەتوانێت هۆکارگەلێکی زۆری هەبێت کە مۆسیقای وشە و چێژی مۆسیقایی دەتوانێت یەکێک لەو هۆکارانە ببێت.

هەروەها گۆڕانی واچی "ل" بۆ "ڵ" لە وشەگەلێک وەک کۆمەڵ، کۆمەڵگا و لەگەڵدا مێشکمان بۆ لای ئەوە دەبات کە ئەم وشەگەلە دەبێ کۆمەل، کۆمەلگا و لەگەل بن. کۆمەل واتە کۆی مەلەکان کە مرۆڤی کورد لە وشەی مەل و کۆبوونەوەیانەوە وشەی کۆمەلی وەکوو خواستنێک بۆ نیشاندانی کۆبوونەوەی خۆی بەکار هێناوە. وشەی "گەل"-یش کە وشەیێکی زۆر کۆنی کوردییە، هەر بەم شێوە لە کوردیی ناوەندیدا بووەتە "گەڵ" و بە پێشگرێکەوە وشەی نوێی "لەگەڵ"ی لێ چێ‌کراوە. ئەم واچە لە کوردیی باکووریدا و هەروەها سەرنجڕاکێشانە لە شێوەزارەکانی دەڤەری مەریوان و سەقزدا بە شێوازە لاوازەکەی ماوەتەوە و گۆ دەکرێت.

سەبارەت بە وشەکانی دووینە، میروولە، داچکە، کلگەوریی، سیرەمۆزە، خاکەلییە، تلۆر، ناوەڕۆک، پەراوێز و چیرۆک‌یش هەر وایە و ئەگەر ئاگامان لە چێژی مۆسیقایی وشەکان نەبێت نازانین بۆچی ئەم وشەگەلە وایان بە سەردا هاتووە و ڕیشەکەیان چیە. کاتێک بزانین ئەم وشەگەلە لە بنزار و شێوەزارەکانی دیکەدا بە شێوەی دۆینە، مێروولە، جاچکە، کلکەوریی، سوورەمۆزە، خاکەلێوە، تلێر، ناوەڕۆک، پەڕاوێز و چیرۆک گۆ دەکرێن، ئەوا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. هەڵبەت دەبێ بزانین نابێ شێوەزار یان زارێک کە ڕیشەی دروستی وشەکە بە کار دەبات لە سەرەوە و ئەوانی دیکە لە ئاستی دووهەم و چەندەمدا دانێین، بەلکوو دەبێ بزانین ئەوە چێژی مۆسیقاییە کە وای کردووە و ئەم جۆربەجۆری و ڕەنگامەییەی بۆ بە دیاری هێناوین.

لێرەدا بۆ پیشاندانی کاریگەریی مۆسیقا و چێژی مۆسیقایی لە ڕەنگامەیی وشەی کوردیدا، سەرنجی وشەی سوورەمۆزە ئەدەین. ئەم وشە لە فەرهەنگی زانستگای کوردستاندا بە شێوەی سوورەمۆزە، سیرەمۆزە، شەنگەسوورە، ژەنگەسوورە، زەنگەسوورە، زەنگەزێڕە، زەنگەزمرە (مەردۆخڕۆحانی، 1397: ب 2 و 3) تۆمار کراوە و خودی نووسەریش بە شێوەی زەنگەزۆرەی بیستووە کە کاریگەریی مۆسیقا و چێژی مۆسیقایی ئاخێوەرانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لە گۆڕانی واچەکانی "وو و ی" ، "ش، ژ و ز" ، "س و ز" ، "وو، ێ، ۆ و م" و "ر و ڕ" بە جوانی دەردەخات. ئەگەر بیسەرێکی هەر یەک لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ یەکەمجار ئەم وشەگەلە ببیسێت، ئەوا تێگەیشتنی لەم وشە ئاستەم دەبێت؛ ڕەنگە هەر لێی تێنەگات و لە دوای بیستن و شرۆڤەیەوە فامی بکات.

یەکێک لە بەربڵاوترین گۆڕانەکانی واچ لە وشەکانی زمانی کوردیدا، گۆڕانی واچی "ڤ" لە کوردیی باکووریی و "و"یە لە کوردیی ناوەندی و باشووریدا. ئەم ڕەوتە لە وشەگەلێک وەک ئەڤین، ڤیان، دلۆڤان، ئاگرڤان، هەنگڤین، هیڤا، مزگەڤت و هەڤاڵدایە کە بوونەتە ئەوین، ویان، دلۆوان، ئاگروان، هەنگوێن، هیوا، مزگەوت و هەواڵ. چێژی مۆسیقایی ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی و خواروو وای کردووە کە زنجیرەی واچەکانی هەر وشەیێکی خاوەن پیتی "ڤ" بگۆڕێت و ئینجا ببێتە "و". بەم بۆنەوە، ئەگەر ئاخێوەری کوردیی ناوەندی ئاگای لەم گۆڕانە نەبێت، ئەوا وشەکە لە سەرەتادا ناناسێت و دوای بیستن و ڕەنگە لە دوای پرسین و بەدواداچووندا ئاگاداری ڕەوتەکە ببێت. هەروەها ئەم گۆڕانە لە پاشگری "ڤە"یشدا هەیە کە لە بەشی جێگۆڕکێدا زۆرتر قسەی لە سەر دەکرێت.

چەند جۆرێکی دیکەی گۆڕانی واچەکان بریتین لە:

- گۆڕانی واچەکانی "پ" و "ف" لە وشەگەلێک وەک پسین و فسین یان پیرۆز و فیرۆزدا.
- گۆڕانی واچی "ج" و "ژ" و "ل" لە وشەگەلێک وەک جە، جێ، ژە، ژێ و لەدا.
- گۆڕانی واچی "ش" و "چ" لە وشگەلێک وەک شوون و چوون یان ڕەشکەوپێشکە و ڕێچکەوپێچکە، چەکوش و چەکوچدا.
- گۆڕانی واچی "ش" و "ژ" لە وشەگەلێک وەک سارێش و سارێژ، مێشک و مێژگ، ڕشیان و ڕژیان یان ڕژاندا.
- گۆڕانی واچی "ز" و "س" لە وشەگەلێک وەک پەس و پەز، زک و سک، گواستنەوە و گوازتنەوە، زیز و سیس[1]، خواستن یان واستن و خوازیندا[2].
- گۆڕانی واچی "گ" و "ق" لە وشەگەلێک وەک گواستنەوە و قواستنەوەدا.
- گۆڕانی واچی "ک" و "گ" لە وشەگەلێک وەک کلک و کلگ، چاولێکەری و چاولێگەری، مەژک و مەژگ، تەونەکەر و تەونەگەر و دوێکە و دوێگەدا.

---

١ . لەم میناکەدا خاڵی سەرنجڕاکێش، پەرەسەندنی واتاییە کە بە بۆنەی گۆڕانی واچی "س و ز"ەوە ڕووی داوە. واتا سەرەکییەکە لە وشەی سیسدا ماوەتەوە کە هەمان ژاکاوە، بەڵام بە هۆی خواستنەوە لە وشەی زیزدا بۆ واتای زویر پەرەی سەندووە. واتە، ڕەنگە لە زمانی کوردیدا ڕەوتە واچییەکان بە ڕێژەیێکی کەم یان مامناوەندی لە پەرەسەندنی واتایی وشەکاندا ڕۆڵیان هەبووبێت کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی سەربەخۆیە. هەروەها لە میناکی لق و لک، ڕق و ڕک، چیڕ و ڕیچ، کەوتن و خەوتن، سەخت و خەست و ڕەڤاندن و ڕەڤیان یان ڕەویانیشدا ئەم تەشەنە و پەرەسەندنە واتاییە دەبینین. بەم بۆنەوە، ڕەنگە وەها وشەگەلێک لە زارەکانی زمانی کوردیدا پەرەی واتایی سەندبێت یان لە داهاتوودا پەرەی واتایی بستێنن. کەوایە، ڕەوتە واچییەکان دەتوانن لە دەوڵەمەندترکردنی وشەدانی زمانی کوردیدا ئەرک بنوێنن.

٢ . سەرنج: دوو ڕستەی "ئاهەنگێ ناخوازم" (لە کوردیی باکووریدا) و "ئاهەنگم ناوێ" (لە کوردیی ناوەندیدا) لە بەرچاو بگرە. کردارەکان لە ڕاستیدا هەر یەکێکن. واتە وشەی ویستن بە دانەپاڵی واچی "خ" و گۆڕانی بزوێنی "ی" بۆ "ا" بووەتە خواستن. ئەم ڕەوتە لە گۆڕاندنی کاتی کرداردا ڕوونترە. تایبەتمەندیی ئێرگێتیڤبوونی زمانەکەش لە ڕستەی دووهەمدا ماوەتەوە.

- گۆڕانی واچی "ک" و "ق" لە وشەگەلێک وەک کۆکە و قۆزە (هەروەها "ک" و "ز")، تاک و تاق، ڕک و ڕقدا.

- گۆڕانی واچی "ر" و "ن" لە وشەگەلێک وەک مردار و منداردا.

- گۆڕانی واچی "د" و "ت" لە وشەگەلێک وەک دووزەلە و تووزەلەدا.

- گۆڕانی واچی "ڵ" بۆ "ر" لە وشەگەلێک وەک دڵ و در، منداڵ و مندار، شالیار و شاریار، سەوڵ و سەور (کە بە جێگۆڕکێی و لەگەڵ ر بووەتە سەرو) و "ب" بۆ "ل" (وەک بۆ و لۆ) کە بەتایبەتی لە بنزاری هەولێریدا دەبینرێت.

- گۆڕانی واچی "گ" بۆ "ج" لە وشەگەلێک وەک گیان و جیاندا.

- گۆڕانی بزوێنی "ی" و "ا" لە وشەگەلێک وەک وڕینە و وڕاوە، گۆڕین و گۆڕاندا.

- گۆڕانی واچی "م" و "و" لە وشەگەلێک وەک نام و ناو، چەم و چەو، خام و خاو، زاما و زاوادا.

- گۆڕانی واچی "ک" و "خ" لە وشەگەلێک وەک کەوتن و خەوتن، کەواندن و خەواندن، خەنین و کەنین و کوڕ و خورتدا.

- گۆڕانی واچی "ب" و "ڤ" و "و" لە وشەگەلێک وەک بەر، ڤەر و وەردا.

- گۆڕانی واچی "و" و "ف" لە وشەگەلێک وەک چەوت و چەفت، کەوتن و کەفتن، چاو و چاڤ، وان یان ئەوان و ڤان، باو و باڤدا.

- گۆڕانی بزوێنی "ە" و "ا" لە وشەگەلێک وەک چەم و چەو و چاو و چاڤدا.

- گۆڕانی واچی "س و ش" یان "س و چ" لە وشەگەلێک وەک زانست و زانشت، ئاسەوان و ئاشەوان و برسی و برچیدا.

- گۆڕانی واچی "ژ" و "چ" لە وشەگەلێک وەک مۆژیار و مۆچیاردا.

- گۆڕانی بزوێنی "ە و ێ" لە وشەگەلێک وەک مەش و مێش، مەژگ (مەژک) و مەژی و مێژ یان مێشکدا.

- گۆڕانی واچەکانی "و" و "ف" و "ڤ" لە وشەگەلێک وەک ڕەواندن، ڕەفاندن یان ڕفاندن و ڕەڤاندن و ڕەڤیاندا[1].

لە گشت ئەم میناکانەدا، ئاخێوەران بە پێی چێژی مۆسیقایی ناوچەی خۆیان و لە هێندێک دۆخدا بە لادان لە ڕێساکانی چوارچێوەی باوی وشەی مەبەست، هەوڵیان داوە گرێوگۆڵەکانی مۆسیقای وشەکانیان لا ببەن تاکوو لە بێژیندا هاسانتر ببن. هەڵبەت کاریگەریی هۆکاری سیاسی،

۱ . زۆربەی وشەکانی ئەم بەشە و بەشەکانی دی، لە فەرهەنگەکانی هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگی چواربەرگیی زانستگای کوردستان، فەرهەنگا گولی و فەرهەنگی باشوورەوە وەرگیراون.

کۆمەڵایەتی، ئایینی و زمانی لە گۆڕینی چێژی مۆسیقایی و ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەدا مسۆگەرە. بۆ وێنە، کاریگەریی زمانی تورکی بە سەر بەشێک لە بنزاری موکریانییەوە بە ڕوونی دیارە. لە میناکەکانی سەرەوەدا، هەرچی هەژماری واچەکانی وشە کەمتر بێت، ئەوا تێگەیشتن لە وشە مەبەستەکە دژوارتر دەبێت، چونکوو بازنەی پێشبینیی، بەرتەسکتر دەبێتەوە. هەروەها، گۆڕانێک کە لە وشەی "مردار"دا ڕووی داوە، سەرنجڕاکێشە. لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و فەرهەنگی زانستگای کوردستاندا، بۆ سەروشەی مندار دوو واتا دانراوە: 1- منداڵ. 2- مردار. لە ڕاستیدا نابێ ئەم دوو وشە لە سەروشەیێکدا دانرێن؛ چونکوو دوو وشەی جیاوازن و هەروەها دوو جۆر گۆڕانیان بە خۆیانەوە بینیوە. ئەگەر بە واتای منداڵی دانین، ئەوا گۆڕانی واچی "ڵ" بۆ "ر" بە خۆیەوە بینیوە و دەبێ لە سەروشەی منداڵدا دانرێت و ئاماژە بەم گۆڕانەی بکرێت. هەروەها ئەگەر بە واتای مرداری دانین، ئەوا وشەکە گۆڕانی واچی "ر" بۆ "ن" بە خۆیەوە بینیوە. کەوایە، ڕەنگە لەم جۆرە دانانەمان لە فەرهەنگەکاندا زۆر ببن کە دەبێ ئاگاداری ڕەوتەکەیان ببین و لە فەرهەنگە نوێیەکاندا جیایان بکەینەوە یان لانیکەم دەبێ لە شرۆڤەی واتاکەیاندا ئاماژە بە ڕەوتە واچییەکەیان بکرێت.

پێشتر ئاماژە بە چێژی مۆسیقایی و ئەرکی ئەو چێژە لە ڕەوتی واچیدا کرا. چێژی مۆسیقایی وای کردووە وشە بیانییەکان لە سەر شێوازی واچ و چێژی مۆسیقایی زمانی دەسەڵاتدار، دەرببڕێن و لە زمانی کوردیدا چەند شێوە بێژینیان هەبێت. «سەردەمانێک لە دەستی دووهەمەوە (لە عارەبییەوە) وشەی ژانتا و ناوی پۆرتوگال-ی فەڕەنسی و وڵاتی پۆرتوگال وەک جانتا و پۆرتوغال وەرگیراون، ئەمڕۆ ئەو پەنابەرانە تاکە یەک وشە لە چەند سەرچاوەیەکەوە بە چەند جۆر دەربڕینێک وەردەگرن (ئەلتەرناسیۆن، ئەڵتەرنەیشن)» (مەحوی، ٢٠١٠: ١٤١). ئەم بابەتە هێندێک جار وشە و مۆسیقاکەی بە شێوازێک دەگۆڕێت کە لێتێگەیشتنی بۆ ئاخێوەرانی زار و بنزارەکانی دیکە ئاستەم دەکات. بۆ وێنە، وشەی "Barcelona" لە کوردستانی ئەم دیودا بە کارتێکەریی زمانی فارسییەوە بە شێوازی "بارسێلۆن، بارسێلۆنا" و لە کوردستانی ئەو دیودا بە کارتێکەریی زمانی عەرەبییەوە بە شێوازی "بەرشلۆن، بەرشەلۆنە" گۆ دەکرێت. ئینجا ئەگەر سەدەیێک و زۆرتر بە سەر ئەم گۆڕانەدا تێپەڕێت، ئەوا کاریگەرییەکەی لە دوو زاری زمانی کوردیدا بە شێوەی گۆڕانی مۆسیقای وشە و هەروەها چێژی مۆسیقایی باشتر دەردەکەوێت.

### ٤-٢- جێگۆڕکێ

جێگۆڕکێ[1] یەکێک لە ڕەوتەکانی نێو وشەیە کە دەرکەوتەکەی لە ڕواڵەت و بیچمی وشەدا سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت. لەم ڕەوتەدا، قووڵترین گۆڕان بە سەر وشەدا دێت. بە واتاییێکی دیکە،

1. Metathesis

مۆسیقا و ئاهەنگی وشە قووڵترین گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت و زۆر جار دەڵێی وشەکە هەڵگەڕاوەتەوە. کەوایە، قووڵترین کاریگەریی مۆسیقای وشە لە جێگۆڕکێدا دەردەکەوێت. سەرەڕای ئەوەی کە جێگۆڕکێ قووڵترین ڕەوتی واچی لە زمانی کوردیدایە، بەڵام لە ڕادەیێکی کەم و لە چاو ئەو دوو ڕەوتەکەی دیکە کەمترە. بۆیە دەتوانین وشەکانی ئەم جۆرە ڕەوتە لە چەند لاپەڕە یان کەمتردا بنووسینەوە. ئەم بابەتەش خۆی نیشاندەری زاڵبوونی مۆسیقا و ئاهەنگ لە وشەدایە کە ڕێگە بە گۆڕانی زۆر نادات و زۆرتریش لە بنزار و شێوەزارەکاندا ڕوو دەدات. فەرهەنگ‌نووسان، ئەم جۆرە وشەگەلە لە فەرهەنگەکاندا نانووسن، یان ڕەنگە هەر ئاگاداری ئەم جۆرە وشانە نەبن.

ئەگەر بۆ جاری یەکەم وشەی زارێکی دیکە یان شێوەزارێکی هەمان زار ببیسرێت کە ڕەوتی جێگۆڕکێی بە خۆیەوە بینیوە، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە وشەکە بۆ بیسەر نامۆیە و دەبێ لە دوای بیستن و بەدواداچووندا لە ڕاستییەکە تێبگات. ئەمە نە تەنیا بۆ کەسێکی ئاسایی ڕوو دەدات، بەڵکوو تەنانەت لە هێندێک دۆخدا، سەر لە لێکۆڵەریش دەشێوێنێت کە ئاخۆ کامە وشە بەرەو لای ڕیشەمان دەبات. «جۆرێکی دیکەی لێکەوتەی گۆڕانکاریی دەنگی ئەوەیە کە ئەو بەشە بەرچاوانەی وشە کە لە مسۆگەربوونی بەهاکانیدا بەشدارن، تایبەتمەندیی شیبوونەوەیان لە دەست دەدەن» (دوسوسور، ۱۳۷۸: ۲۲۳). بۆ وێنە لە بەشی دووهەمی وشەی چەپکە و چەکپە، هێکلە و هێلکە و چوکڵە و چوڵکەدا، وا دەردەکەوێت "کە"، "ڵە" ، "لە" و "پە" هەموویان پاشگر بن، بەڵام وا نییە. واتە، بە هۆی جێگۆڕکێوە "پە" وەکوو پاشگرێک دەرکەوتووە کە لە ڕاستیدا وا نییە. لە میناکی دووهەمیشدا "کە" وەکوو پاشگرێک دەنوێنێ، بەڵام وا نییە و واچی "ک" لە ڕەگی وشەکەیە. کەوایە، بەگشتی دەبێ بۆ دیاری کردنی پاشگر، بە پارێزێکی زۆرترەوە هەوڵ بدەین. وەها دیاردەیێک لە زمانی عەرەبییشدا بە جۆرێکی دیکە ڕووی داوە. لێکۆڵەری عەرەب دیزیرە سێقال دەڵێت: «بە بڕوای من کێشەی وشەناسیی عەرەبی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانایانی ڕێزمان بە بۆنەی نەناسینی سروشتی ساکاری دەنگیی وشەکانەوە، وەکوو دیاردەیێکی ڕواڵەتی سەرنجیان داون و بەم بۆنەوە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی وشەیان لە بەرچاو نەگرتووە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێسا و یاساییێکی ئاڵۆزی بۆ دانێن و زۆر جاریش گریمانەی بیچمێکیان بۆ وشەکان داناوە کە لە ڕاستییەوە دوورە» (سقال، ۱۹۹۶: ۷).

وا دیارە ڕەوتی جێگۆڕکێ لە زمانی کوردیدا بە سێ شێوە ڕوو بدات. جار وایە جێگۆڕکێ لە نێوان دوو واچی دراوسێدا ڕوو دەدات. بۆ وێنە لە وشەی سڵپۆت و سپڵۆت، گواستنەوە و گۆزانەوە (گۆسانەوەیە کە لە گۆڕانی واچی "س و ز" پێک دێت) و تامەزرۆ و تمازرووودا جیاکردنەوەیان بۆ ئاخێوەرانی بەرانبەر زۆر ئەستەم نییە و بە بیرکردنەوەیێکی سەرسەری لە جیاوازییەکە دەگەن. لە جۆری دووهەمدا، بازنەی

جێگۆڕینەکە تۆزێک دوورتر دەبێت و مەودای نێوانیان یەک، دوو یان سێ واچ دەبێت. بۆ وێنە، لە وشەی جیاواز و جوایز، پەشۆکاو و شەپۆکاو، کەڵەشێر و کەرەشێڵ، گەون و گۆنی، کلۆش و کولەش یان کولۆش، ڕێڵەخۆ و ڕیخەلوو، قالۆنچە و قۆلانچە، چیڕ و ڕیچ، چیاگ و چایگ، چوکڵە و چولکە، چەپکە و چەکپە، قەلەپۆپە و لقەپۆپە یان لەقەپۆپەدا، ئاڵۆزییەکە زۆرتر بووە و لە دوای تێفکرین و بەدواداچوونێکی زۆردا ڕاستییەکە دەردەکەوێت؛ ڕەنگە دەریش‌نەکەوێت.

کەوایە، مۆسیقا و چێژی مۆسیقایی ئاخێوەرانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وای کردووە وشەکە جۆرێک داڕێژنەوە کە بۆ خۆیان هاسانتر ببێژرێت. لە پاڵ جێگۆڕکێیەکەدا هێندێک گۆڕانی واچییش ڕوو دەدات کە کاریگەریی مۆسیقای وشەکە بە ڕوونی دەردەخات. بۆ وێنە، لە وشەی ڕێڵەخۆ و ڕیخەلوو یان کلۆش و کولەش‌دا بزوێنەکانی "ێ"، "ۆ" و "ڵ" بوونەتە "ی"، "و" و "ل". جۆری سێهەمی جێگۆڕکێ تەنیا بۆ لێکۆڵەرانی ئەم بوارە دەردەخرێت و بە وتەیێکی وردتر، تەنیا ڕووبەڕووی جێگۆڕکێیەکی ساکار نەبووینەتەوە، بەڵکوو وێڕای جێگۆڕکێ، گۆڕان و بگرە بزربوونێکی قووڵیش لە وشەکاندا ڕووی دابێت. بۆ وێنە، لە وشەکانی ڕوانین و نواڕین و نێرین، کلۆر و کرۆڵ یان قرۆڵ، قشپل و پشکەڵ، ملوورە و میroولە یان مێروولە، هەست یان هەس و سەختدا، جێگۆڕکێ و لە هەمان کاتدا گۆڕان و بزربوونیش ڕووی داوە. بۆ وێنە، لە کلۆر و کرۆڵ یان قرۆڵ و هەروەها وشەی قشپل و پشقەل یان پشکەڵدا جێگۆڕکێی جۆری سێهەم و گۆڕانی واچی "ق" بۆ "ک" یان پێچەوانەکەی ڕووی داوە. لێرەدا، دەبێ ئاماژە بە سێ‌دانەیی هێندێک لە وشەکان وەک ڕوانین (کوردیی ناوەندی) و نواڕین (کوردیی باشووری) و نێرین (کوردیی باکووری) بکەین کە سێ جۆری بێژینیان هەیە و کاریگەرییشیان بە سەر کردارە چێکراوەکان لەم سێ جۆرە بێژینەدا داناوە.

ڕەوتە واچییەکان و هەروەها جێگۆڕکێ، لە زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردیدا ڕوو دەدەن و تایبەت بە زارێک نین. هاوکات لە بنزار و شێوەزارەکانی ئەم زارانەشدا دەبینرێن. بۆ وێنە، وشەی "سپلۆت" لە نێو زاری کوردیی ناوەندی و لە لایەن ئاخێوەرانی بنزار و شێوەزارە جۆربەجۆرەکانییەوە بە شێوەی "سلپۆت"یش گۆ دەکرێت کە تایبەتمەندییەکی نێوزاری دێتە ئەژمار و دەتوانین وەکوو جێگۆڕکێی ئاستی دووهەم داینێین. بەم پێیە، ئاستی یەکەمیش لە نێوان زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردیدا ڕوو دەدات. میناکێکی دیار لەم جێگۆڕکێیە لە بەکارهێنانی چاوگ و کردار لە کوردیی باکووری و ناوەندی و هەروەها باشووریدا دەبینرێت. بۆ وێنە چاوگی ڤەکۆلین، ڤەخوارن، ڤەگرتن، ڤژاندن یان ڤەژاندن، ڤەشارتن، ڤەکوشتن لە کوردیی ناوەندی و باشووریدا دەبێتە کۆڵینەوە، خواردنەوە، گرتن و گرتنەوە، ژیانەوە و ژیاندنەوە، شاردنەوە، کوشتنەوە و کوژاندنەوە. واتە لە زاری کوردیی ناوەندیدا، لە پاڵ گۆڕانی واچی "ڤ" و "و"دا، جێگای دوو واچ یان بڕگەی "ڤە" دەگۆڕێت و لە کۆتاییدا دێت.

وەها دۆخێک لە زۆربەی بنزارەکانی کوردیی خوارووشدا ڕوو دەدات. ئەم دۆخە لە کاتی گەردانی کرداری تێپەڕدا دەبینرێت. بۆ وێنە، واچی "ی"ی بەرکار لە کرداری فەرمانیی وەک بنووسەی، بخوەنەی، بکوشەی و هاوشێوەکانیدا لە کۆتایی کرداردا دێت. کەچی لە کوردیی ناوەندیدا بە شێوەی بینووسە، بیخوێنە و بیکوژە گۆ دەکرێت. وەها ڕەوتێک لە پاشگری "یش"یشدا دەبینرێت، واتە بۆ وێنە لە دەستەواژەی "لە دهۆکیشدا یان لە دهۆکیژدا" پاشگرەکە لە کوردیی باکووریدا بە شێوەی "لە دهۆکیٚژی" (هەم گۆڕان و هەم جێگۆڕکێی بە خۆیەوە بینیوە) دەبێژرێت.

بەشێکی گرنگ و بەرچاوی جێگۆڕکێ لە زمانی کوردی و زارەکانیدا پەیوەندیی بە وشە بیانییەکانەوە هەیە. ڕوودانی ئەم ڕەوتە لە زمانی کوردی و بگرە لە هەر زمانێکی دیکەدا ئاساییە، چونکوو بۆ نموونە مۆسیقای وشەی کوردی، لە چاو مۆسیقای وشەی هەر زمانێکی دیکەدا نامۆیە. بەم بۆنەوە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بەردەوام هەوڵ دەدەن گرێوگۆڵەکانی وشەی نوێ بە جۆرێک بتاشن و مۆسیقاییێکی خۆماڵی بە سەر وشەکاندا بسەپێنن. ئەم دیاردەیە لە نەریتی کوردیدا بە کورداندن[1] ناسراوە و زۆربەی نووسەران، وەرگێڕان و لێکۆڵەران و بەتایبەت خەڵکی ئاساییش لەمێژەوە ئەم ڕەوتەیان خودئاگایانە یان ناخودئاگایانە ئەنجام داوە، بەڵام ئەمڕۆکە ڕۆڵی خوێندن و ڕاگەیێنەرە گشتییەکان، پرۆسەکەیان تا ڕادەیێک پەک خستووە. بەم بۆنەوە، دەبینین ڕادەی ڕەوتی جێگۆڕکێ لە لایەن نەخوێندەواران (صفیعی و همکاران، ۱۴۰۲: ۱۷؛ احمدخانی و همکاران، ۱۳۹۵: ۳۳) و بەساڵاچووانەوە زۆرترە. واتە هەرچی بەرەو پێش دەڕۆین، لە کارابوونی ڕەوتی جێگۆڕکێی کوردی لە وشە بیانییەکاندا کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە داهاتوودا نامێنێت. بەم بۆنەوە، بەرەبەرە وشەگەلێک وەک سەتکە (سەکتە)، فەرخی (فەخری)، تاسکی (تاکسی)، تلّف (تفلّ)، فلتولاّ (لوتفولاّ) نامێنن و بە شێوە سەرەتاییەکەی خۆیان دەردەبڕێن. واتە زمان وەکوو فاکتەرێکی سەرەکیی کۆمەڵگاکان، نەرمەنەرمە لە پێشڤەچوونی بیرۆکەی «گوندی جیهانی»دا ئەرک دەنوێنێت.

**۴-۳- بزربوون**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زارە کوردییەکان بزرکردنی واچێک یان دوو واچە لە سەرتا، ناوەند و کۆتایی وشەدا. لێکۆڵینەوەگەلێک لەم بوارەدا ئەنجام دراون[2] و دەتوانین بۆ وێنە ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی شێوەزاری عەبدولمەلیکی بکەین. بزربوون لە شێوەزاری عەبدولمەلیکیدا لە نێوان و

[1] . هەڵبەت گشت کوردانەکان جێگۆڕکێ نیە. واتە بەشێکی کەمی کوردانەکان پەیوەندیی بە جێگۆڕکێوە بووە.

[2] . بۆ بینینی ئەم بابەتە سەیری ئەم وتارانە بکە: «فرایندهای واجی همخوانی در گویش کردی کلهری» از عالیەکرد زعفرانلو کامبوزیا و الهام ثباتی؛ «فرایندهای واجی در کردی سنندجی در چارچوب واجشناسی نوایی» از نسترن دیوانی و ماندانا نوربخش؛ «فرایندهای واجی در گویش کردی سنقر کلیایی» از سلمان خنجری و محمدتقی راشدمحصل.

کۆتایی وشەدا چالاکە (قنبری عبدالملکی و همکاران، ١٤٠٠: ١٠٠). ئەم ڕەوتەش هەر وەکوو دوو ڕەوتی پێشوو بە هۆی ڕێکوپێک کردن و لەبارکردنی دۆخی دەنگیی وشەوە ئەنجام دەدرێت و زۆرتر بۆ لابردنی گرێ لە بەشەکانی وشەدایە. بۆ وێنە، لە وشەکانی گوێز، دەستەڵات، هێندێک، منداڵ و عەوداڵدا واچەکانی "گ"، "ک" و "د" دەسوێن و ئینجا بزر دەبن و ئاهەنگێکی ڕەوانتریان بۆ بێژین دەبێت. هەروەها وشەی هێند، لە بەشێکی زۆری بنزارەکانی کوردیی باکووریدا بە بزرکردنی بزوێنی "ێ" و دانانی بزرۆکەیێکی نیوەهێزەوە بە شێوەی هند و هندەک گۆ دەکرێت. لە هێندێک لە جێناوەکانیشدا، بزربوون و دیکەی ڕەوتەکان دەبنە هۆی جۆربەجۆری. بۆ وێنە جێناوی یەکەم کەسی کۆ لە کوردیی باکووریدا "ئەم"ـە و لە کوردیی ناوەندی و باشووریدا دەبێتە: ئێمە و ئیمە.

ڕەوتی بزربوون زۆرتر لە ناوەند و کۆتایی وشە لە زمانی کوردیدا ڕوو دەدات و چالاکە. بۆ وێنە لە ناوەندی وشەی دەستبەند و دەستخڕۆ و هەروەها لە کۆتایی وشەی تاسەمەند و ماستدا بزربوونی واچەکانی "ت" و "د" دەبینرێت. لە میناکی یەکەمدا دوو وشەی لێکدراومان هەیە کە مەودای نێوانیان وەک بڕکە و گرێیەک دەنوێنێت. ئەم گرێیە لە نێوەندی وشەدا بە پێی زانستی مۆسیقا جوان نییە و وەکوو کەمکووڕییەک چاوی لێ دەکرێت کە دەبێ بە شێوەیێک چارەسەر بکرێت. سوانەوەی واچی "ت" چارەسەرێکی باشە کە ئاخێوەر ناخودئاگایانە ئەنجامی دەدات و بە پێی مۆسیقاش خەوش نییە. تەنانەت ئاهەنگی وشەکەش جوانتر و ڕەوانتر دەکات و بێژینی بۆ بێژەر و بیستنیشی بۆ بیسەر هاسانتر دەبێت.

هەروەها بۆ کۆتاییهێنان بە بێژینی وشە، دەبێ کۆتاییهێنانێکی مۆسیقایی بێت و سوانەوەی واچی کۆتایی چارەسەری داکشانێکی ئاسایی و مۆسیقاییە. هەڵبەت ئەم ڕەوتە لە هەموو وشەیێکدا ڕوو نادات و بێژەر ناخودئاگایانە ئەنجامی دەدات. بە وتەیێکی ڕوونتر، ئەم ڕەوتە زۆرتر لە وشەگەلێکی داڕێژراو و لێکدراوی یەک، دوو یان سێ بڕگەیی وەک دەستەڵات، دەستە، دەستەمۆ، دەست، دەستپێشخەر، ماست، ماستاو، بەند، بەندئاو، گەندئاو، کەند، کەندئاو، قەند، قەندئاودا ڕوو دەدات کە بڕگە یەکەمەکەیان بڕگەیێکی درێژە یان خودی وشەکە بڕگەیێکی درێژە. وەها دۆخێک لە وشەی خوێندن و وشە بنەماڵەکانیدا دەبینرێت. واچی "و" لەم وشەیەدا لە بەشێک لە بنزاری موکریاندا دەسوێت و بە شێوەی خێندن گۆ دەکرێت کە هۆکارەکەی یەکسەر مۆسیقایی دەنوێنێت.

بزربوون لە سەرەتای هێندێک وشەی خۆماڵی و بیانییشدا دەبینرێت. بۆ وێنە وشەی ئەوان، خواردن و پفەک لە زاری کوردیی باکووری، هەورامی و شێوەزاری سنەییدا بە شێوەی ڤان (وان)، واردن و فەک گۆ دەکرێن. واتە واچی "ە یان ئە"، "خ" و "پ" بزر دەبن. لە میناکی دووهەمدا، واچی "پ" بزر بووە تاکوو ئاستەمیی بێژینی دوو نەبزوێنی "پ" و "ف" و بزرۆکەی نێوانیان کەم

ببێتەوە، چونکوو شوێنی دەرکەوتنیان لە یەک نزیکە. هەروەها ئەگەر سەیری وشەی "پف" لەم شێوەزارەدا بدەین، دەبینین بە شێوەی "فوو"ش گۆ دەکرێت. فراوانیی ئەم ڕەوتە لە چاو ڕەوتی گۆڕان لە زمانی کوردیدا کەمترە و بە سەرنجدانی فەرهەنگەکان، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت.

بزربوونی بزوێنی "ـە" لە وشەگەلێک وەک "مزگەوت"دا یەکێک لەو دۆخانەیە کە بزربوونی واچی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم واچە لە هێندێک شێوەزاری کوردیی باکووریدا بە شێوەی مزگەفت، و لە هێندێک بنزاری کوردیی ناوەندیدا بە شێوەی مزگەوت و مزگت دەبێژرێت. کەوایە، لە جۆری دواییندا بزوێنی "ـە" بزر بووە و بۆ بزرۆکە گۆڕاوە. ڕەنگە بەشێکی زۆر لەو بزرۆکانەی وشە کوردییەکان، لە درێژەی مێژوودا وەها دۆخێکیان بە سەردا هاتبێت. وا دیارە هۆکاری ڕوودانی ئەم دۆخە و بەشێکی زۆری ئالۆفۆن[1] (واچۆکە)کانیش دیسان ئاهەنگ و مۆسیقای وشە بێت.

بزربوونی واچ لە کاتی گەردانی کردار لە هێندێک لە زارەکانی کوردیدا ڕوو دەدات. بۆ وێنە، لە هێندێک شێوەزاری هەورامیدا کرداری ئێستای نەرێنی بە "ن"وە دەست پێ دەکات و لە هێندێکی دیکەدا بە "ن" نەرێنی ناکرێتەوە. بۆ وێنە، نمەزانۆ و مەزانۆ. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە کاریگەری و ڕۆڵی مۆسیقای وشەکە وا دەکات بیسەر لە ڕێگای بەرزونزمکردنی مۆسیقای واچەکانەوە لە واتاکە بگات. هەڵبەت لەم دۆخەدا تەنیا کاریگەریی مۆسیقا، هۆی ڕوودانی ئەم بابەتە نییە و ئابووریی زمانیش لە بزربوون و نەمانی واچەکاندا ڕۆڵی هەیە؛ بەڵام ڕەچاوکردنی ئابوورییەکەش لە بازنەی ئاهەنگ و مۆسیقای لەباری وشەکەدایە.

چێژی مۆسیقایی هەر زارێکی زمانی کوردی وای کردووە واچی وشەیێک لە زارێکدا بسوێتەوە و لە زارێکی دیکەدا بە هەمان شێوە بمێنێت و گۆش بکرێت. «جۆربەجۆریی زمانی هەمیشە لە ڕێگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەربڵاوتر دەبێت. لەم نێوەندەدا، ڕۆڵی پێکەوەگونجانی هۆکارە دەنگییەکان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە جۆربەجۆرییە زمانییەکاندا زۆرە» (احمدخانی و همکاران، ۱۳۹۵: ۲۱). ئەم بابەتە، ڕەنگامەیی و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و زارەکانی لێ کەوتووەتەوە و مسۆگەربوونەکەی لە ڕێگای سەرنجدانی گۆرانییە باوەکانی ناوچە کوردستانییەکانەوە دەردەکەوێت. واتە، هەر جۆرە مۆسیقا و بەتایبەت مۆسیقای وشەش لە یەکدەنگی و یەکڕیزیی ئاستە جۆربەجۆرەکانی پۆلێنبەندیی خەڵکی کورددا ڕۆڵی هەبووە. هەروەها «چەشنەکانی شێوازی مۆسیقا بۆ کۆڕبەندی و بەکۆمەڵبوون و یەکانگیربوون لەبۆ پاراستنی جێگە و پێگەی خێڵیی عەشیرەیی و هتد یاریدەر بوون» (رفیع‌پور، ۱۳۵۷: ۳۲). ئەم مۆسیقایە دەتوانێ هەم لە گۆرانییەکاندا خۆی بنوێنێتەوە و هەم لە وشەکاندا دەربکەوێت.

1. Allophone

دەتوانین ڕەوتگەلێک وەک تێکەڵ‌کردن، ئاوێتەکردن و وردکردنەوە لە زمانی کوردیدا بخەینە نێو ئەم بازنەیەوە. ئەم ڕەوتانە لە هەر دوو وشەی کوردی و بیانیدا ڕوو دەدەن. داهێنانی وشەگەلێک وەک ڕۆڤار (ڕۆژنامە و گۆڤار)، ناچا (نان و چا)، حەمە (محەمەد)، خولە (مەحموود)، قالە (قادر)، نەسە (نەسرین) و گوڵە (گوڵچین) (مەحوی، ٢٠١٠: ١٥٩و ١٦٠)، تا ڕادەیێکی زۆر لە پێناوی مۆسیقای وشەدا چێ کراون.

**٥- ئەنجام**

وا دیارە مۆسیقای وشە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی جۆربەجۆری و پەرەسەندنی زارەکانی زمانی کوردی و هەروەها تا ڕادەیێک پەرەسەندنی واتایی بێت. مۆسیقا کاریگەریی لە سەر ڕواڵەت و پێکهاتەی وشەی ئەم زارگەلەوە هەیە. سێ ڕەوتی گۆڕان، جێگۆڕکێ و بزربوون، لە گرنگترین ڕەوتە واچییەکانن کە لەم زارگەلەدا بە هۆی چێژی مۆسیقاییەوە ڕوو دەدن و زمانی کوردی لە باری وشە و واتاوە دەوڵەمەندتر دەکەن. گشت ئەم ڕەوتانە جیاوازیی واتاییان لێ ناوەشێتەوە؛ لە ڕێگای گۆڕین، لاوازکردن، قەڵەوکردن، ناسک‌کردن و بزرکردنی واچەکانەوە تەنیا مۆسیقای وشە دەگۆڕن و بەم بۆنەوە ڕواڵەت و پێکهاتەکەی بە جۆرێک تووشی گۆڕان دەبێت. بۆیە، لە هێندێک دۆخدا مۆسیقای وشەکە یەکسەر گۆڕاوە و بیسەر یان ئاخێوەری زارێکی دیکە هیچ تێگەیشتنێکی لەو وشەیە نابێت. هەروەها، لە هێندێک دۆخی دیکەدا مۆسیقاکە تا ڕادەیێک گۆڕاوە و بیسەر دەتوانێت واتاکەی پێشبینی بکات. دەرکەوتەی ئەم ڕەوتانە لە چەندین زار، شێوەزار و بنزاری جۆربەجۆردا دیارە و تەنانەت وای کردووە شێوەی ئاخاوتن لە گوندێکەوە بۆ گوندە دراوسێیەکەی جیاواز بێت. هەڵبەت چێژی مرۆڤییش وای کردووە مۆسیقای وشەکە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا جیاوازتر بێت و وەک چۆن گۆرانییەکانیان جیاوازە، تەنانەت مۆسیقای وشەکانیشیان جیاواز ببێت. کەوایە، زانیاری سەبارەت بە ڕەوتە واچییەکان دەتوانێت لە زارناسیی زمانی کوردیدا یاریدەر بێت.

بە پێی ئەم چەند ڕەوتە و ئەو چەند وێنە پێشکەش‌کراوەیە، دەکرێ ئاستی ڕوودانی ڕەوتە واچییەکان لە زمانی کوردیدا بە دوو جۆری گشتی پۆلێنبەندی بکرێت: دەستەی یەکەم ڕەوتە واچییەکانی نێوان-زاریین؛ واتە ئەو ڕەوتانەی لە زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردیدا ڕوو دەدەن و تا ڕادەیێک لە سەر پێکهاتە و ڕواڵەتی وشەکانەوە کاریگەری دادەنێن. ئەم جۆرە وشانە، زۆرتر لە دوای ئەزموون و بیستنی ئاخێوەرانی زارەکانی دیکەوە دەناسرێن. واتە ئەگەر دوو کەس بە دوو زاراوەی جیاوازەوە کە پێشتر زاراوەی یەکتریان ئەزموون نەکردبێت و گوێیان بەو مۆسیقایە ڕانەهاتبێت، ئەوا لە هێندێک یان لە زۆربەی وشە و ڕستەکانی زاراوەی بەرانبەر تێناگەن. دەستەی دووهەم،

ڕەوتە واچییە نێو-زارییەکانن؛ واتە ئەو ڕەوتانەی لە نێو زارێکی زمانی کوردیدا ڕوو دەدات و ناسینی وشەکانی بنزار یان شێوەزارەکانی دیکەی زارەکە لە لایەن ئاخێوەرانی زارەکەوە تا ڕادەیێکی زۆر فام دەکرێت. هەرچەند ڕەنگە ڕەوتەکە لەم دەستەیەشدا لە ڕادەیێکدا ڕووی دابێت کە فامکردنەکەی زۆر ئاسان نەبێت و پێویستی بە کات و شرۆڤەی نێوان بێژەر و بیسەر بێت. کەوایە، پێوەرگەلێک وەک تێگەیشتنی دوولایەنە[1] ناتوانن لێرەدا وەکوو پێوەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ هەڵسەنگاندنی زارە کوردییەکان دەستنیشان بکرێن.

داڕێژراوێتیی زمانی کوردی وای کردووە ڕەوتە واچییەکان و بەتایبەت جێگۆڕکێ تا ڕادەیێکی بەرچاو ڕوو بدەن و ڕواڵەتی وشە لە زار و لقەکانیاندا بگۆڕن. واتە، بەستێنی زمانی کوردی ئەو هەلەی ڕەخساندووە کە ئەم ڕەوتانە و بەتایبەت گۆڕان بە شێوەیێکی زۆر بەربڵاو لە وشەکان و هەروەها لە گەردانی کرداردا ڕوو بدەن و ڕەنگامەیێکی بێوێنەی پێ ببەخشن کە ڕەنگە لە نێو زمانەکانی دیکەدا هاوتای کەم، یان هەر نەبێت. مەخابن، بە هۆی ڕاگەیێنەرە گشتییەکان و زۆر فاکتەری کاریگەری سەردەمەوە، خەریکە ئەم ڕەوتانە تا ڕادەیەک لە ناو دەچێ. واتە، هۆکارە ناوبراوەکان بەرەبەرە چێژی مۆسیقایی مرۆڤی کورد بەرەو گۆڕان دەبەن و ئەو توانست و کوردانەنەی لێ دەستێنن کە لە لایەن پێشینیانییەوە تاکوو ئەمرۆ مابووەوە.

مۆسیقای وشە هێندێک جار یاسا و هێڵە نەچەماوە زمانییەکان دەبەزێنێت. واتە ئاخێوەر بە پێی چێژی مۆسیقایی خۆی و بە پێی تایبەتمەندیی ڕیزی واچەکان، ڕواڵەتێک دادەڕێژێت کە بۆ گۆکردن هاسانترە. ڕەوتە واچییەکان لە هێندێک دۆخدا زۆرتربوونی گیرەکەکان و بەتایبەت پاشگرەکان و تا ڕادەیێک نێوانگرەکانیان لێ کەوتۆتەوە. بەم بۆنەوە، لە هێندێک دۆخدا پێکهاتەی گیرەکەکان شێواوە. ڕەنگە هەبوونی چەند چاوگ بۆ یەک واتا لە پێناوی گۆڕانی مۆسیقای وشە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا ڕووی دابێت. بۆ وێنە، چاوگی گۆڕان و گۆڕین، جۆڕان و جۆڕین بۆ یەک واتا بە کار دەبرێن کەچی بە دوو شێوە دەبێژرێن.

بەستێن و توانستی زمانیی هەر نەتەوەیێک لەچاو نەتەوەیێکی دیکەدا جیاوازە. زنجیرەی واچەکان یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە ئەم توانستە نیشان دەدات. لە زمانی کوردیدا هێندێک دەنگ یان واچ هەن کە ناتوانن لە تەنشت یەکترەوە ڕیز ببن و وشە دروست بکەن. بۆ وێنە، جچس، هچم، خسچ، پچس و هاوشێوەیان، ئاهەنگ و مۆسیقایێکی ئاستەم و ناخۆشیان هەیە کە گۆکردنیان ئاستەمە و بیستنیشیان گوێبزوێن نییە.

1. Mutual intelligibility

یەکێک لە قازانجەکانی وردبوونەوە لە سەر کاریگەریی مۆسیقای وشە، دۆزینەوەی ڕیشەی وشەکەیە. ئاگاداری لە لایەنی مۆسیقایی وشە وا دەکات بتوانین ڕیشەی هێندێکی زۆر لە وشەکان بدۆزینەوە. تەنانەت تا ڕادەیێکیش شێوازی کۆنی بیرکردنەوەی کورد و وێناکردنی دەوروبەر و نواندنەوەی ئەو دەڤەر و ژینگەیە لە زمان و وشەکانیدا دەربخەین. ڕەنگە یەکێک لە خەسارەکانی فەرهەنگ‌نووسیی کوردییش لە پێناوی ئەم بابەتەدا بدۆزینەوە. واتە ئەم جۆرە وشانە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا تۆمار نەکراون یان شێوازێکیان تێدایە کە لە شێوەزار یان بنزار و زاری نووسەرەکانیانەوە نزیکە.

وێڕای کاریگەریی سروشت و ژینگەی ناوچە جۆبەجۆرەکانی کوردستان، ڕۆڵی هۆکارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، زمانی و ئایینییەکان لە گۆڕانی چێژی مۆسیقاییدا گرنگ بووە. واتە ئەم ڕەوتانە هەڵگری مێژوویێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و فەرهەنگیین. ئینجا ئەگەر گوێی ئاخێوەرێکی زاراوەیێکی زمانی کوردی لەگەڵ مۆسیقا و ئاهەنگی وشەیێکی زاراوەیێکی دیکەی ئەم زمانەدا ڕانەهاتبێت، ئەوا تێنەگەیشتنی لەو وشەیە ئاساییە و بە دوای ئەزموونی بیستنەکەیدا، تێگەیشتنەکەشی تەواو دەبێت. ڕەنگە بەشێکی جیاوازیی زارەکانی زمانی کوردی و تێنەگەیشتنی تەواوی ئاخێوەرانی لە یەکتر بەم بۆنەوە بێت.

ئەم ڕەوتە لە درێژەی مێژوو و بە هۆی کاریگەریی هۆکاری جوگرافییەوە بەهێزتر بووە، بەڵام وا دیارە لە کاتی سەردەمدا بە بۆنەی زۆریی پەیوەندییەکانەوە کاریگەریی هەموو ئەم هۆکارانە دابەزیوە و تێگەیشتنێکی باشتر و تەواوتر پێکهاتووە. واتە، ڕاگەیێنەرە گشتییەکان ئەرێنی و لە هەمان کاتیشدا نەرێنیین، چونکوو لە لاییێکەوە توانستی کورداندن لاواز دەکەن و لە لاییێکی دیکەشەوە گوێی ئاخێوەری زارە کوردییەکان بە مۆسیقای وشەی یەکتر ڕادێنن.

ڕەنگە کەمتر زمانێک لە جیهاندا ببێ کە ئەوەندەی زمانی کوردی، ڕەوتی واچیی بە خۆیەوە بینیبێت. ئێستاش بەردەوام ڕەوت یان چەند ڕەوتێک درێژەیان هەیە. ئەم ڕەوتانە گشتی و یاسامەند نین و لە هێندێک دۆخدا دەردەکەون کە واچەکان و ڕیزی واچەکان لەو وشە تایبەتەدا ڕێگەی پێ دەدەن. ئاخێوەرانی زار، بنزار و شێوەزارەکان بەردەوام ئەم وشانە بە کار دەبەن و بە بیریاندا نایێت کە ڕەنگە سەردەمێک گۆڕانێکیان بە سەردا هاتبێت و لە شێوە سەرەتاییەکەیان دوور بووبێتنەوە. ڕەنگە زۆرێک لەم وشانە بەو ڕواڵەت و فۆڕمە تایبەتەیانەوە، لە زاری یەکگرتووەوە سەر بێننە دەرەوە کە باشتر وایە شێوازە دروستەکەیان بە کار ببرێت.

ڕەوتە واچییەکان توانیویانە لە دانوستانی نێوان زمانەکاندا ئەرک بنوێنن. واتە زمانەکان دەتوانن بە یارمەتیی ڕەوت یان چەند ڕەوتێکی واچی کەڵک لە وشەکانی زمانێکی دیکە وەربگرن. ڕەوتە

واچییەکان وەکوو پردی گواستنەوە و لەبارکردن، هاتوچۆی وشەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ئاسایی دەکەن. خزمایەتی، دراوسێتی و هاوبەشبوونی زمانی کوردی و فارسی بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبات کە ڕەنگە و بگرە بە ئەگەرێکی زۆرەوە وشەگەلێکی زۆری کوردی لە زمانی فارسیدان کە ڕەنگوبۆنێکی فارسییان لە خۆ گرتووە و تۆزی مێژوو شاردوویەنەتەوە. پێچەوانەی ئەم قسەیەش دەتوانێت ڕووی‌دابێت. توێژەرانی هەر دوو زمانەکە بە کەڵک‌وەرگرتن لە زانستی مۆسیقای وشە، هاسانتر دەتوانن بنەڕەت و ڕیشەی زۆرێک لە وشەکان بدۆزنەوە.

**ڕوونکردنەوە و پێشنیاز**

لە ڕەوتی گۆڕانی واچیدا، ئەگەر لە وتارەکەدا باسی گۆڕانی واچێک بۆ واچێکی دیکە کراوە، ئەوا مەبەستمان تەنیا باسی گۆڕانەکە بووە و دەرکەوتنی واچی سەرەکی و هەروەها ڕیشەی سەرەکی لە هێندێک وشەدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەییکی درێژخایەن و زۆر بەربڵاوە. واتە بە گشتی ناتوانین لە کۆنتربوونی زۆربەی واچەکان لەچاو ئەوانی دیکە، دڵنیا بین. ڕەنگە ئەدەبی کوردی و نەریتگەلێکی کۆنی ئەدەبی، وەک نەریتی گۆرانی بتوانن لە هێندێک وشەدا یاریدەرمان ببن، بەڵام بۆ دیاری‌کردنی واچ و ڕیشەی سەرەکیی وشەکان، دەبێ پشت بە لێکۆڵینەوەی گشتی و بەتایبەت دەنگناسانە و ئێتیمۆلۆژیانە (ڕیشەناسانە) ببەستین.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

جەلیلیان، عەباس (ئاکۆ) (بێ‌تا). *فەرهەنگی باشوور*، چ۴، سنە: ئەنستیتۆ کەلەپووری کوردی.
حەمەباقی، محەمەد (۲۰۰۲). *مێژووی مۆسیقای کوردی*، چ۲، هەولێر: ئاراس.
خالیدگولی، مەسعوود (۲۰۰۲). *فەرهەنگا گولی*، چ۱، دهۆک: سپیرێز.
روبینز، آر.اچ. (۱۳۷۰). *تاریخ مختصر زبانشناسی*، ترجمه علی‌محمد حق‌شناس، چ۱، تهران: مرکز.
سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئیبراهیمی (۱۳۹۷). *زمان و وێژەی کوردی*، چ۲، سەقز: گوتار.
شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان (هەژار) (۱۳۶۹). *هەنبانە بۆرینە*، چ۱، تهران: سروش.
شێخ‌تەیب، شەهاب (۲۰۱۴). *دەربارەی زمانەوانی*، چ۱، هەولێر: نارین.
مەحوی، محەمەد (۲۰۱۰). *مۆرفۆلۆژی و بە یەکداچوونی پێکهاتەکان، مۆرفۆلۆژیی کوردی*، بەرگی یەکەم، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
مەردۆخ‌ڕۆحانی، محەمەدماجید (۱۳۹۷). *فەرهەنگی زانستگای کوردستان*، چواربەرگی، چ۱، سنە: زانستگای کوردستان.

**فارسی**

احمدخانی، محمدرضا و عالیه کرد زعفرانلو کامبوزیا و لیلا حاجی حسنلو (۱۳۹۵). «واجشناشی اجتماعی: بررسی موردی قلب واجی در زبان فارسی»، *دوماهنامه جستارهای زبانی*، ش. ۳۲، صص. ۳۷- ۲۱.
پرین، لارنس (۱۳۷۳). *درباره شعر*، ترجمه فاطمه راکعی، چ۱، تهران: اطلاعات.
حق‌شناس، علی‌محمد (۱۳۵۶). *آواشناسی*، چ۱، تهران: آگاه.
خالقی، روح‌الله (۱۳۷۸). *نظری به موسیقی*، چ۵، تهران: محور.
خرقانی، حسن (۱۳۹۹). «نقش تناسب واژگانی در واژه‌گزینی قرآن»، *مشکوه*، ش. ۱۴۶، صص. ۵۲- ۳۰.
خنجری، سبمان و راشدمحصّل، محمّدتقی (۱۳۹۷) «فرایندهای واجی در گویش کردی سنقر کلیایی»، *مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران*، ش. ۲۱، صص. ۴۱- ۲۱.
دلیر، محمدرضا (۱۴۰۱). *موسیقی و اندیشه*، چ۱، کرج: سیمرغ آسمان آذرگان.
دوسوسور، فردینان (۱۳۷۸). *دوره زبانشناسی عمومی*، ترجمه کورش صفوی، چ۱، تهران: هرمس.
دیوانی، نسترن و نوربخش، ماندانا (۱۴۰۲) «فرایندهای واجی در کردی سنندجی در چارچوب واجشناسی نوایی»، *مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران*، دوره ۱۱، ش. ۴، صص. ۷۳ — ۴۷.
رفیع‌پور، فرامرز (۱۳۵۷). *جامعه، احساس و موسیقی*، تهران: شرکت سهامی انتشار.
زمانی، محمد و بدخشان، ابراهیم (۱۳۹۳) «تأثیر محدودیت رعایت توالی رسایی بر فرایندهای واجی و آوایی زبان کردی: گویش کلهری»، *پژوهش‌های زبانشنانسی تطبیقی*، ش. ۸، صص. ۴۶ -۳۵.
شمس، بهاءالدین (۱۳۸۳). *موسیقی در عهد باستان*، چ۱، تهران: نور.
شهمیری، امین (۱۳۸۸). *درآمدی بر صوت‌شناسی در موسیقی*، چ۱، تهران: نی.
صفیعی، نادیا و ابراهیم بدخشان و مسعود دهقان (۱۴۰۲). «بررسی تأثیر متغیرهای اجتماعی سن، تحصیلات و جنسیت بر فرایند قلب واجی بر اساس زبان شناسی اجتماعی تنوع‌گرا: مطالعه موردی "chokla" چوب در کردی هورامی»، *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ش. ۱۵، صص. ۲۶- ۱۷.
طالبیان، منصوره و روح‌الله صیادی‌نژاد و عباس اقبالی (۱۳۹۸). «نقش آوا در تصویرسازی (مطالعه موردپژوهانه سوره نازعات)»، *پژوهشنامه تفسیر و زبان قرآن*، دوره ۷، ش ۲، صص. ۲۰۸- ۱۹۱.
عمرانپور، محمدرضا (۱۳۸۶). «اهمیت عناصر و ویژگیهای ساختاری واژه در گزینش واژگان شعر»، *پژوهش‌های ادب عرفانی (نشریه علمی-پژوهشی گوهر گویا)*، دوره ۱، ش. ۱: صص. ۱۸۰- ۱۵۳.
فلاح، ابراهیم و سجاد پوردانش (۱۳۹۶). «تناسب آوایی-محتوایی (فنوسمانتیک) در آیات قرآن؛ با بررسی مواردی از سوره واقعه»، *مطالعات ادبی متون اسلامی*، سال دوم، ش. ۱، صص. ۱۵۲- ۱۲۹.

قنبری عبدالملکی، رضا و آیلین فیروزیان پوراصفهانی (۱۴۰۰). «تحلیل برخی از فرایندهای واجی در گویش اورامی شمال ایران در چارچوب واجشناسی زایشی و نظریه بهینگی: مطالعه موردی گویش عبدالملکی»، *مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران*، دوره ۹، ش. ۴، صص. ۱۰۳– ۷۳.

مدنی‌فرد، مهدی (۱۳۹۸) «زبان، موسیقی و مغز» *شفای خاتم*، دوره ۷، ش. ۳، صص. ۱۱۰– ۱۰۲.

ملکی، عطاءالله (۱۳۷۸). *آواشناسی؛ از تئوری تا عمل*، چ۱، تهران: آتیه.

**عەرەبی**

ابن‌جنی، ابوالفتح عثمان (بی‌تا) *الخصائص*، قاهره: دارالکتب المصریه.

التفتازانی، سعدالدین (۱۳۸۸). *شرح المختصر*، چ۵، قم: اسماعیلیان.

سقال، دیزیره (۱۹۹۶). *الصرف و علم الأصوات*، چ۱، بیروت: دار الصداقه العربیه.